# گوڵەکەند


Kurdistan Chronicle

بڵاوکراوەیەکی گشتییە، دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ دەریدەکات

ژمارە (١٣)

چوارشەممە ٢٠٢٥/٣/٢٦


## کارەبای 24 کاتژمێری ژینگەی پاک کردووەتەوە



دیمەنێکی شاری هەولێر

وێنە: محەمەد شوانی

# زەکاتساڵانە پێنج هەزار خانووی پێ دروست دەکرێت



وێنە: محەمەد شوانی

هەژار مەجید

یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان بەهاوئاهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، سندوقی زەکات لە کوردستان دادەمەزرێنێت، بەپێی خەملاندنەکان دەتوانرێ بە پارەی زەکات، ساڵانە زیاتر لە پێنج هەزار خانوو بۆ خێزانی کەمدەرامەت و کرێنشین دروست بکرێت.

دوکتۆر عەبدوڵڵا شێرکاوەیی گوتەبێژی یەکێتیی زانایانی ئاینی ئیسلامیی کوردستان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات بەهۆی نەبوونی سندوقێک بۆ کۆکردنەوەی زەکات ساڵانە پارەی زەکات لە کوردستاندا پەرت دەبێت، نەبوونیشی بە «بۆشایییەکی گەورە» دەزانێت.

لەم بارەیەوە بۆ (گڵکەند) گوتی کە یەکێتیی زانایان بەنیازە دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت، بەهاوکاریی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی، سندوقی زەکات لە کوردستان دابمەزرێنێ و لیژنەیەکی تایبەت سەرپەرشتیی سندوقەکە بکات کە ئەو کۆکردنەوە ڕێکوپێکەی زەکات دەبێتە هۆی سوودمەندبوونی زیاتری هەژاران.

لە هەرێمی کوردستاندا هیچ ئامارێکی ورد لە ڕێگەی توێژینەوەی زانستی لەبارەی قەبارەی زەکات نییە، کە یەکێکە لە ڕوکنەکانی ئاینی ئیسلام و ساڵانە لە مانگی ڕەمەزاندا دەردەکرێت و دەدرێت بەو کەسانەی شایستەن، بەڵام دوکتۆر عەبدوڵڵا شێرکاوەیی دەڵێت بڕی پارەی زەکات لە کوردستاندا سەدان ملیار دینارە.

ئەو بەرپرسەی یەکێتیی زانایان ئاشکرای دەکات بەپێی ئەنجوومەنی باڵای فەتوا، ئەم ساڵ بۆ هەر کەسێک ٣٠٠٠ دینار بۆ سەرفیترە دیاری کراوە، ژمارەی موسوڵمانان لە هەرێمی کوردستان چوار ملیۆن و ٥٠٠ هەزار کەسە، بەو پێیە قەبارەی سەرفیترە زیاترە لە ١٣ ملیار دینار، ئەمە وێڕای ئەوەی سەدان ملیار دینار پارەی زەکات هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی سندوقی زەکات قەبارەی زەکات لە کوردستان بەدیاریکراوی نازاندرێت چەندە.

ساڵانێکە لە هەرێمی کوردستاندا پارەی زەکاتی خواپێداوان بۆ دەرەوەی کوردستان و عێراقیش دەنێردرێت کە ئەمە ناکۆکیی شارەزایانی لەسەرە، لەو بارەیەوە دوکتۆر عەبدوڵڵا شێرکاوەیی ڕوانگەی ئاینی ئیسلام لەبارەی پێدانی زەکات بەکەسانێک لە دەرەوەی کوردستان و بردنی ئەو پارەیە بۆ شوێنی دیکە ئاشکرا دەکات و دەڵێت «ئاینی پیرۆزی ئیسلام کۆمەڵێک پێوەری دیاری کردووە بۆ زەکات، باشتر وایە زەکاتدەر لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی زەکات بداتە بەو کەسانەی کە شایستەن، بەپێی فەتوای زۆربەی زانایان و تەنانەت ئەنجوومەنی باڵای فەتوای کوردستانیش، زەکات نەگوازرێتەوە بۆ شارێکی تر، چ جای بۆ وڵاتێکی تر، تەنیا لە حاڵێکدا ئەگەر هەژار و نەدار نەمابێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی زەکاتدەر".

ئەمەش پێچەوانەی ئەو کارەیە کە بەشێک لە ڕێکخراوەکانی کۆکردنەوەی زەکات دەیکەن و پارەی خواپێداوانی کوردستان بۆ شوێنی دیکە دەگوێزنەوە.

بەگوێرەی وەزارەتی ئەوقاف و یەکێتیی زانایان، ئەگەر پارەی زەکات بە ڕێکی کۆ بکرێتەوە لە ماوەیەکی پێوانەییدا کرێچی لە کوردستان نامێنێت.

بەپێی داتاکانی سەرژمێریی گشتیی دانیشتوان کە کۆتاییی ساڵی ٢٠٢٤ کرا و ئەمساڵ ئەنجامەکەی ڕاگەیەندرا، ڕێژەی ٢١,٥٩ ٪ی خەڵکی هەرێمی کوردستان کرێچین، هەروەها ٢٥,٨٧٪ هاووڵاتیانی هەولێر لە خانووی کرێ دان.

ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی، یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی لە پاڵ کارەکانی دیکەی، ساڵانە لە مانگی ڕەمەزاندا پارەی زەکاتی پێ دەگات و بەسەر شایستەکاندا دابەشی دەکات، سیتاف ئاسۆ، بەرپرسی ئۆفیسی هەولێری دەزگای خێرخوازیی بارزانی دەڵێ ئەمساڵ چەندین پڕۆژەیان بۆ ئەو مەبەستە هەیە، دیارترینیان بڕی ملیۆنێک دۆلار بۆ مانگی ڕەمەزان پێشکێش بە ئازیزان کراوە، کە ٣٥٦٢ منداڵی بێ باوک لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان لێی سوودمەند بوون.

هەروەها چواردە هەزار سەبەتەی خۆراک بەسەر خێزانە هەژارەکان دابەش کراوە، لەگەڵ هاوکاریکردنی ئەو کەسانەی نەخۆشیی درێژخایەنیان هەیە و ئامادەکردنی ئێوارەخوان لە مانگی ڕەمەزان بۆ ئەو کەسانەی ئێشکگرن، سەرجەم ئەو پڕۆژانەش لە ڕێگەی کەسانی خواپێداوی هەرێمی کوردستانەوە بوون کە بەشی زۆریان خەڵکی شاری هەولێرن.



عەبدولباسیت فەرهادی

## خەریکە وەک منداڵە هیندییەکە بگرییێم

لە نزیک بورجی ئیڤڵ ئەو شەوەی بەرەو هوتێل دەچووین، خێزانێکی هیندی لە پێشمان دەڕۆیشتن، چەند عارەبێکی باکووری ئەفریقیاش کە بە قسەکردن و دەنگە هەراشەکانیان دەتناسینەوە، لە پێش خێزانە هیندییەکە بوون، ڕێگاکەمان وا بوو لە شەقامەکە بپەڕینەوە، کات درەنگ بوو، شەقام چۆڵ بوو، ترومبێل تاکو توک تێدەپەڕین، عارەبەکان کە دیتیان شەقام چۆڵە، قەدبڕ پەڕینەوە و گوێیان بە هێڵی زێبڕا و شوێنی پەڕینەوە نەدا.

دایک و باوکە هیندییەکە بەدوایان داچوون، منداڵە حەفت هەشت ساڵانەکەیان هاواری لێ هەستا و ناڕەزایی پیشان دا، دایک و باوکەکە هەڵوەستەکیان کرد و وەستان تا بزانن منداڵەکەیان بۆ دەگریێ، منداڵەکە ئاماژەی بە شوێنی پەڕینەوە و هێڵی زێبڕاکە کرد تا بگەڕێنەوە و لەو شوێنە بپەڕنەوە کە بۆ پەڕینەوەی پیادە تەرخان کرابوو.

بەو شەوە درەنگە زانیم ئەو منداڵە لەگەڵ ئەلف و بێ فێری ڕێزگرتنی یاسا کراوە، پێش ئەوەی بزانێ خەڵکی کام وڵاتە و لە هەر کوێ بێ ڕێزی یاسا دەگرێ.

بیرمەندێک دەڵێ میللەتێکی یاساپەروەر و یاسا سەروەرم بدێ، وڵاتێکی ئازاد و پێشکەوتووت پێشکەش دەکەم.

لە وڵاتەکەی خۆم درەنگانی شەوان کە دەبینم شوفێرەکان بەدیار گڵۆپ و هێمایە سوورەکانی چوارڕیانەکان وەستاون و چاوەڕوانی هێمای دیکەن و سەرەڕای چۆڵی شەقام، پڕ بەدڵ خۆشحاڵ دەبم، نزایان بۆ دەکەم، وا تێدەگەم گەورەترین خەڵاتیان پێداوم، بەپێچەوانەش کاتێ شوفێرێکی ملهوڕی تیژهاژۆ دەبینم یاساکان دەشکێنێ و هێما و کامێراکانی چاودێری فەرامۆش دەکا و لە گڵۆپی سوور دەدا، وا تێدەگەم گەورەترین تاوانی دەرهەق کردووم و نەخشەی کوردستانی لێ دڕاندووم و خەریکە وەک منداڵە هیندییەکە بگرییێم.

ڕێزگرتنی یاسا لە هەر کۆمەڵگایەک بە ڕێزگرتن و پیادەکردنی یاساکانی ڕێکخستنی هاتوچۆ دەست پێدەکا.

# تەلەفریکێکی شاخبڕ لە سۆران دروست دەکرێ

**هەرمان خالید**

پرۆژەیەکی گەورەی گەشتیاریی بە قەبارەی ١٦٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکی بەڕێوەیە، کە دەبێتە گەورەترین تەلەفریک لەسەر ئاستی ناوچەکە و چیاکانی ناوچە گەشتیارییەکی سۆران بەیەکەوە دەبەستێتەوە، چاوەڕێ دەکرێ ٢٠ ملیۆن گەشتیار ڕابکێشێت.

گرێبەستی پرۆژەکە ڕۆژی ١٢ی شوباتی ٢٠٢٥ لە ڕۆما بەسەرپەرشتیی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە نێوان کۆمپانیای ڤیزیت کوردستان و کۆمپانیای Leitnerی ئیتاڵی، کە پسپۆڕە لە بواری گواستنەوە، واژوو کرا.

ئەو پرۆژەیە کە بەگەورەترین پرۆژەی ژێرخانیی گەشتیاری لە مێژووی هەرێمی کوردستان دادەندرێت، بریتییە لە دانانی تەلەفریک لە نێوان ژمارەیەک چیای سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، کە درێژیی گشتیی تەلەفریکەکە ١٠ کیلۆمەترە و حەفت وێستگەی هەیە.

کۆمپانیای Visit Kurdistanی گەشتیاری، کارەکانی بەهاوبەشی لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوە دەبات.

ئەو کۆمپانیایە پابەندە بە پێشخستنی ژینگەی گەشتیاری و ناساندنی هەرێمی کوردستان وەک رووگەیەکی گەشتیاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی خستنە ڕووی شوێنەوارە مێژووییەکان، ڕۆشنبیری و کولتووری جیاواز و میواندۆستیی خەڵکی هەرێمی کوردستان، جگە لە ناساندنی شوێن و ناوچە سروشتییەکان.

پرۆژەی تەلەفریکی چیاکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، گەورەترین پرۆژەی تەلەفریکە لە هەرێمی کوردستان و سێیەم پرۆژەی هاوشێوەیە دوای تەلەفریکی نێوان گوندی بێخاڵ- چیای کۆڕەک و تەلەفریکی چیای زاوا لە شاری دهۆک. بەپێی زانیارییەکان، بڕیارە پرۆژەیەکی تەلەفریک بۆ سەر چیای سەفین لە سنووری شارۆچکەی شەقڵاوە لە پارێزگای هەولێریش بنیات بنرێت.

پرۆژەی دروستکردن و بەستانی تەلەفریکەکەی سۆران لە بەهاری ئەمساڵەوە دەست پێ دەکات، سەرەتای ٢٠٢٧ تەواو دەبێت.

پرۆژەی تەلەفریکی چیاکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران کە بەدەستپێشخەری و سەرپەرشتیی نووسینگەی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، سوودی گەورەی ئابووریی دەبێت لە ڕووی ڕاکێشانی گەشتیار و دابینکردنی هەلی کارەوە بۆ سەدان کەس.

ئەو پرۆژەیە داهاتی گەشتیاریی ساڵانە لە هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٥٪ بەرز دەکاتەوە. هەلی کاری جیاواز بۆ خەڵکی ناوچەکە، لە چێشتخانە، چایخانە، کۆمەڵگەی گەشتیاری و شوێنەکانی کات بەسەربردن لە هەریەک لە حەفت وێستگەکانی پرۆژەکە دابین دەکات.

کۆتا وێستگەی تەلەفریکە ١٠ کیلۆمەترییەکە لەسەر چیای کۆڕەک دەبێت، ئەو چیایانە بە نوێترین و پێشکەوتووترین جۆری کێبڵی گواستنەوە بەیەکەوە دەبەسترێنەوە، کە ڕەچاوی سەلامەتی و ئاسوودەیی گەشتیارانی لە ئاستێکی بەرزدا، تێدا دەکرێت.

دیزاینی پرۆژەکە بەشێوەیەکە، کە پارێزگاری لە دارستان، ژینگە و تاشە بەردەکانی ناوچەکە دەکرێت و وێستگەکان لەو شوێنانە بنیات دەنرێن، کە هیچ زیانێک بە ژینگەی ناوچەکە نەگەیەنن. تەلەفریکەکەش ڕۆژانە بۆ ماوەی ١٠ کاتژمێر لە هەموو ڕۆژەکانی ساڵدا کار دەکات، ئەمەش وا دەکات لە هەموو وەرزەکان گەشتیار بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

لای خۆیەوە د. سەرباز نەجیب ڕاوێژکاری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەبارەی پرۆژەکەوە دەڵێ ویستی حکوومەت بۆ هەمەچەشکردنی ئابووری و داهاتی هەرێمی کوردستان دەردەخات، کە گەورەترین پلانی حکوومەتە لەو بوارە و کاریگەریی ئەرێنی و سوودی بۆ خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران دەبێت.

هەروەها دابان حەمید بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای Visit Kurdistan ڕای گەیاندووە کە کوردستان پێشوازی لە میوانان دەکات بۆ دۆزینەوەی سامانە مێژوویی و جوگرافییەکان و سروشتەکەی وەک دڵی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دەشڵێ “ئێمە زۆر ئاسوودەین بەکارکردن لەگەڵ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و کۆمپانیای Leitnerی ئیتاڵی بۆ بەهێزکردنی ژێرخان و هەمەچەشنکردنی ئابووری و دابینکردنی هەلی کاری جیاواز لە جوانترین و ناوازەترین ناوچەی کوردستان“.

ئەو کۆمپانیا ئیتاڵییەی پرۆژەی تەلەفریکی چیاکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران دروست دەکات (Leitner)، یەکێکە لە پێشکەوتووترین کۆمپانیاکانی بواری تەلەفریک و بەرزکەرەوەی کارەبایی خلیسکانەی سەر بەفر، سەرباری لە دروستکردنی شەمەندەفەر و هێڵی شەمەندەفەر لە ناوچە سەختەکانی چیاکان.

تۆماس شوبیێرت بەڕێوەبەری هەناردەکردن لەو کۆمپانیا ئیتاڵییە دەڵێ کارکردن لە پرۆژەی تەلەفریکی چیاکانی سنووری ئیدارەی سەربەخۆی سۆران، هەلێکی سەرنجڕاکێشە بۆ کۆمپانیاکەیان بۆ بەهێزکردن و پتەوکردنی کارەکانیان لە بواری دروستکردن و بنیاتنانی تەلەفریک لەسەر ئاستی جیهان. دەشڵێ “چاومان لەوەیە خەڵکی ناوچەکە و گەشتیاران ئەوپەڕی خۆشی و ئاسوودەیی لەو پرۆژەیە وەرگرن“. ●





# شێڵتەرەکەی هەولێر 15 هەزار سەگی کۆ کردووەتەوە

**ئارینا جەعفەر**

ڕەنگە لە دوورەوە سەگی بێلانە ئاژەڵی بێ زیان دەرکەون، یان جێی بەزەیی، بەڵام کاتێک ژمارەیان زیاد دەکات، برسی دەبن، هەست بەهەڕەشە دەکەن یان دەبن بە ڕەوە سەگ و بەدوای خۆراکدا دەگەڕێن، دەبن بەهەڕەشە.

دوای ئەوەی لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە هەولێر ڕەوە سەگ دەیان جار پەلاماری خەڵکیان دا، لە ئەنجامیشدا ژمارەیەک هاووڵاتی کە منداڵیشیان لەناودا بوو، گیانیان لەدەست دا. حکوومەت ڕێگەچارەیەکی مرۆڤانە و بە بەزەییانەی بۆ سنووردارکردنی ئەو هەڕەشەیە دۆزییەوە، کە کردنەوەی شەڵتەڕ و دواتریش ڤاکسینکردن و نەزۆککردنی سەگە بێلانەکان بوو.

سەردەمانێک شەقامەکان سەلامەت بوون بۆ منداڵ، ئێستە دایکان و باوکان نیگەرانن لەوەی ڕۆڵەکانیان لە ڕێگەی قوتابخانە یان لەبەر دەرگا لەلایەن سەگی شەڕانگێزەوە پەلامار بدرێن. ئەم ڕاستییە تاڵە پێویستی بەچارەسەرییەکی دەمودەست هەبوو، بۆیە ئێستە کۆکردنەوەی سەگی بێلانە لە شەقامەکانی هەولێر بەردەوامە، لە هەر شوێنێک ڕەوە سەگ بەدی بکرێن و ببنە مەترسی بۆ سەر ڕێبواران، تیمەکانی تایبەت بەو ئەرکە دەگەنە جێ.

تا ئەم مانگە (ئاداری ٢٠٢٥) لە شەڵتەرە گەورەکەی هەولێردا، زیاتر لە ١٥ هەزار سەگی بێلانە کۆ کراونەتەوە، ژمارەیەکی زۆری کارمەندیان بۆ دابین کراوە، کە ١٣یان پزیشکی ڤێتەرنەرین. ژیار جەلال کە بەڕێوەبەری خزمەتگوزاریی ژینگەپارێزی هەولێرە و سەرپەرشتیاری ناڕاستەوخۆی شەڵتەرەکەیە دەڵێ بەر لە کردنەوەی شەڵتەرەکە لە ٢٠٢٣دا ڕێژەی پەلاماردانی سەگ بۆ سەر خەڵک بە بەراورد لەگەڵ ٢٠٢٤دا، بە ڕێژەی ٤٦٪ زیاتر بوو.

هەروەها دووپاتی دەکاتەوە کە لە شەڵتەرەکە بە وردی چاودێریی تەندروستی و خۆراکی سەگەکان دەکرێ، هەروەها پەیوەندییان بە کێڵگەکانی پەلەوەرەوە کردووە تا ئەو پارچانەی مریشک بۆ شەڵتەرەکە بنێرن کە نافرۆشرێن وەکو سەر و قاچ، بەم شێوەیە ڕۆژانە نزیکەی حەفت تۆن خواردن بە سەگەکان دەدەن.

ئێستە ئەرکێکی سەرەکیی شەڵتەری سەگی بێلانە، نەزۆککردنە، کە بە گوتەی ژیار ئەو پرۆسەیە هیچ زیانێکی بۆ ئاژەڵەکان نییە، بە پێچەوانەوە ڕێگەچارەیەکی بە بەزەییانەیە بۆ نەهێشتنی مەترسییەکی گەورە لەسەر ژیانی خەڵک، سەرباری ئەوەی چەند ڤاکسینێک بەو سەگانە دەدەن تا لە مەترسیی گەڕی و هاری بیانپارێزن.

لە وەڵامی ئەو نیگەرانییانەشەوە کە دەڵێن لە ئەگەری خەساندنی تەواوی سەگەکاندا هاوسەنگیی ژینگە تێک دەچێ و سەگ نامێنن، ژیار باس لەوە دەکا کە مەحاڵە بە هیچ ڕێگەیەک بتوانن تەواوی سەگەکانی سنووری هەولێر بەیەکەوە بخەسێنن. دڵنیاییش دەدات کە مەبەستیان نەهێشتنی یەکجارەکیی سەگی بێلانە نییە، تەنها پرۆسەیەکی بە بەزەییانەیان بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخێکی مەترسیدار دەست پێ کردووە.

لای خۆیەوە دوکتۆرە بەفرین عەولا لێپرسراوی بەشی نەشتەرگەری لە شەڵتەری سەگە بێلانەکانی هەولێر دەڵێ ساڵ و نیوێک دەبێت دەستیان بەنەزۆککردنی سەگە بێلانەکان کردووە بە هەردوو ڕەگەزی نێر و مێوە، کە بەچەند قۆناغێک جێبەجێ دەکرێت، سەرەتا سڕیان دەکەن، دواتر نەشتەرگەرییان بۆ دەکەن، ڕەحمی مێیەکان دەردەکەن لەگەڵ گونی نێرەکان.

ئەو پزیشکە ڤێتەرنەرە باسی لەوەش کرد کە لەم ڕێگەیەوە زۆر کێشەی گەورە چارەسەر دەکەن.

هەندێک جار لە کاتی نەشتەرگەری نەزۆککردندا، ڤێتەرنەرەکان بۆیان دەردەکەوێ سەگەکان نەخۆشن، پێویستیان بەنەشتەرگەریی هەناو و چارەسەرکردنی هەڵاوسان یان دەرکردنی گرێی شێرپەنجەیی هەیە، دوکتۆرە بەفرین دووپاتی دەکاتەوە کە ئەو نەخۆشییانەش بە نەشتەرگەری چارەسەر دەکەن، هەروەها ڤاکسینی دژە هارییش بەسەگەکان دەدەن. دەشڵێ دوای چاودێری و دڵنیابوون لە سەلامەتیی تەندروستیی ئاژەڵەکە، ژمارەیەکی دیاریکراو لە گوێیان دەدەن، بۆ ئەوەی جودایان بکەنەوە لەو سەگانەی تر کە نەشتەرگەرییان بۆ نەکراوە.

مەزندە دەکرێت ٤٠ هەزار سەگی بێلانە لە هەولێر هەبن، نزیکەی ١٥ هەزاریان لە شەڵتەرەکە کۆ کراونەتەوە، بۆیە پزیشکەکە دەڵێ پرۆسەکە بەخێرایی جێبەجێ ناکرێت، چونکە ژمارەکە زۆر بەرزە و ڕۆژانە ژمارەیەکی سنوورداری نەشتەرگەری ئەنجام دەدەن.

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی فریاکەوتنی ڕۆژئاوای هەولێر، لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٤دا سەگ پەلاماری ٦٢٨ کەسی داوە، کە چەند کەسێکیان گیانی لەدەست داوە و ژمارەیەکیشیان بریندار بوون. هەمان نەخۆشخانە ئاشکرای کردووە کە لە ماوەی مانگی شوباتی ڕابردوودا سەگی بێلانە لە سنووری شاری هەولێر پەلاماری ٥٤ کەسیان داوە و بەم هۆیەوە گەیەندراونەتە نەخۆشخانە.

## ڕێگەکانی خۆپاراستن لە سەگی شەڕانگێز


بەگشتی سەگی بێلانە دەتوانێ مەترسیدار بێت، ئەگەر برسی بن، یان هەست بەهەڕەشە بکەن لەسەر ژیانیان، هەروەها بۆ پاراستنی گوجیلەکانیان دەشێ ببنە هۆی مەترسی. بەهۆی نەخۆشیی هارییەوە یان نەخۆشیی تریشەوە دەشێ ببنە هۆی مەترسیی تەندروستی. هەروەها کاتێک دەبن بەڕەوە سەگ، متمانەیان بەخۆ زیاد دەبێ و لەوانەیە شەڕانگێز بن یان هێرش بکەنە سەر ڕێبوار.

کاتێک تووشی سەگێکی بێلانە دەبیت، باشتر وایە بە ئارامی لێی دوور بکەویتەوە، خۆت لە جووڵەی کتوپڕ و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ بپارێزی، چونکە لەوانەیە سەگی بێلانە ئەم جووڵانە بە هەڕەشە ببینێ. خۆ ئەگەر سەگێکی شەڕانگێزت لێ دەرکەوت، بەهێواشی پاشەکشە بکەی باشترە، بەبێ ئەوەی پشتی تێ بکەی. دارێک بەدەستەوە بگری باشترە، ئەگەر نا بوتڵێکی ئاویشت بەدەستەوە بێت و هەڕەشەی پێ بکەی باشترە لەوەی هیچت بەدەستەوە نەبێ. ئەوەش بزانە کە سەگی شەڕانگێز لە شەودا چالاکترن و مەترسییان زیاترە. ●



وێنە: محەمەد شوانی

## 300 لۆ هەولێر



**شێرزاد هەینی**

# مەکتەبی قەڵای کچان

زوو، هەموومان دەزانین قەڵاتی هەولێر مزگەوتی هەبووە، تەکیەی تێدا بووە، ناوی بەشێکی قەڵاتەکە بەناوی تەکیە بووە، لەسەر نەخشە، دیکۆمێنتەکان ماوە، کنێستی جووشی هەبووە.

سەرا، ناوی گەڕەکێکی قەڵات بووە، دامەزراوە ڕەسمییەکانی ئەودەمانەی تێدا بووە.

بەڵام ئەوەی کەم باس کراوە، قوتابخانەی کچانی هەبووە. باشم لە بیرە، لە کۆڵانەکەی ئێمە دوو کچی پارچەڵە، بە سەدریەی ڕەش لە سەیداوە، لە کەندە گەورەکە دەپەڕینەوە، شێخەڵا ڕەت دەبوون، زۆر قوڕ و چڵکاو بوو، بەشێکی ئەو ناوچەیە هەر پێیان دەگوت ‹‹گۆمە پیس››، دەچوونە سەر قەڵاتێ.

دەچوونە تاکە مەکتەبی کچان، یەکێک لەوانەی کچی پلکم بوو. دایکی هەردوو کیژەکە، بەنۆرە کچەکانیان دەبرد و دەیانهێنانەوە، حەقیان بوو ڕێگەکە دوور بوو، ئاسان نەبوو، لە سەیداوە، نزیک گامێشەوانان بە پێڵاوی خاوێن، سەدریەی ڕەش، قەمیسی سپی، قردێلەی سووری کچانەوە بچنە ئەو ڕێگە دوورە، بەسەر قەڵات بکەون!

بۆ یادی ئەو قوتابخانەیە، قوتابییە کچەکانی ئەو زەمانە، زۆریان لەو سەردەمە نەماون، یان تەمەن، نەخۆشییەکان هەراسانی کردوون، ناتوانن بیرەوەرییەکانیان لەو قوتابخانەیە بگێڕنەوە و بڵێن؛ دەستەخوشکەکانمان کێ بوون، چەند ساڵ مانەوە، چەندیان گەیشتنە زانکۆکانی بەغداش. کەم باسی ئەوانە دەکرێ، فۆتۆیان نەماوە. ئەوەی لەو قوتابخانەیە وەک بەڵگەی ئەو دەمانە لەبەردەستی منە، ڕەنگە بەڵگەی تریش لە مۆزەی پەروەردەی هەولێر، لەناو کۆنە قوتابخانەکەی ‹‹ئەربیل ئولا››ی ناو بازاڕ مابێت!

لەوانەی ئێستە لەبەردەستمە، لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەی هەولێری ژمارە ٦٨ی ڕۆژی سێشەممەی ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٩٥٢یە، کە لەلایەن مامۆستا ‹‹فەرهاد عەونی›› پێشکێشمان کراوە، تێیدا هەواڵی خوێندنەوەی سروودێکی کوردییە، لەلایەن کچە قوتابییەکانی قوتابخانەی قەڵا بۆ بەخێرهاتنی میوانەکانیان لە ئاهەنگی وەرزیی قوتابخانەکە گوتراوە. سروود، شیعرەکە لەلایەن شاعیری ناوداری کورد ”عوسمان عەونی“ نووسراوە.

ڕۆژباش گەورانم
ئێمەین نەمامی باغی ژیانتان
ئێمەین هەوڵ ئەدەین بۆ نیشتمانتان
دێینە مەیدانی گشت دوژمنانتان
ئەستێنین تۆڵەی ڕابردووانتان
ئێمەین بۆ گەلمان سەرچاوەی ژیانین
بۆ باغی وەتەن گوڵی سەر چڵانین
بۆ بلبلی گەل پرر نەشئە و جوانین
ڕۆڵەی زیرەک و ئازای کوردانین
بەهۆش و خووی باش هەموو ڕازاوین
بۆ یەکەتی گەل ئامادە کراوین
ئێمە نامرین هیچ نەفەوتاوین
هەر ئێوە ئەژین ئێمەش هەر ماوین. ●

# "ڕووناکی" 417 موەلیدەی کوژاندووەتەوە

پرۆژەی "ڕووناکی» دەنگ و دووکەڵی زیاتر لە حەفت هەزار موەلیدە دەبڕێ، کە دەستەی ئامار دەڵێ لە کوردستاندا هەن. بەرپرسێکی دەستەی ژینگە ئاشکرای دەکات موەلیدەکان ساڵانە یەک ملیار و نیو لیتر سووتەمەنی خەرج دەکەن و چوار ملیۆن تۆنیش گازی ژەهراوی دەخەنە هەواوە. پزیشکێکی پسپۆڕیش دەڵێ نەهێشتنی هۆکارە سەرەکییەکانی پیسبوونی ژینگە، ٢٥٪ی نەخۆشییەکان کەم دەکاتەوە.

هێمن بابان ڕەحیم

لە ناوەڕاستی ساڵی ڕابردوودا، کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پرۆژەی"ڕووناکی"ی دەست پێ کرد، ڕۆژی پێنجشەممە، ١٧ی ئۆکتۆبەری ڕابردوو، مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گەڕەکی شادی پرۆژەکەی ڕاگەیاند.

ئامانج لە پرۆژەکە دابینکردنی کارەبای ٢٤ کاتژمێری و نەهێشتنی موەلیدەیە، ئومێد ئەحمەد گوتەبێژی وەزارەتی کارەبای هەرێمی کوردستان بۆ (گڵکەند) دەڵێ حکوومەت لەگەڵ تیمی پرۆژەی ڕووناکی لە گفتوگۆدان بۆ دیاریکرنی نرخی کارەبا بەشێوەیەک بارگرانی بۆ هاووڵاتیان دروست نەکات، بەشێوەیەک ئاستی دارایی هاووڵاتیان لە بەرچاو بگیرێ، لە ڕووی تەکنیکیشەوە گرفت بۆ سیستەمەکە دروست نابێت".

بە تەواوبوونی پرۆژەی ڕووناکی، کارەبای ٢٤ کاتژمێری دابین دەبێت، کرێی دوو پسوولەی کارەبا و گۆڕان و جیاوازیی نرخی ئەمپێری موەلیدە نامێنێ، کرێی کارەبا بەپێی خەرجکردنی دەبێت، ڕێگرییش لە سووتانی ڕێژەیەکی زەبەلاحی سووتەمەنی دەکرێ ، ژینگە خاوێن دەبێتەوە و تەندروستیی هاووڵاتیان پارێزراوتر دەبێت.

تاوەکو ئێستە ٤١٧ موەلیدە کوژاونەتەوە، نزیکەی ٩٠ هەزار هاوبەشی کارەبا کە ٣٠٠ هەزار کەس دەبن، لەو پرۆژەیە سوودمەند بوون.

لە چەند هەفتەی ڕابردووشدا بەهۆی پێدانی کارەبای نیشتمانیی ٢٤ کاتژمێری بۆ دانیشتوانی ناو بازنەی ١٢٠ مەتریی شاری هەولێر و کوژاندنەوەی موەلیدەکان، گۆڕانێکی گەورە لە کەشوهەوای ناو هەولێر هەستی پێ دەکرێ و نیشاندەرەکانی پیسبوونی ژینگەش بەشێوەیەکی بەر چاو دابەزیون. لەوانەش دەزگای پلۆم لابز، تایبەت بە پێوانی کواڵیتی هەوا لە شارەکانی جیهان، کە پێش چەند هەفتەیەک کواڵیتی هەوا و ڕێژەی پیسبوونی (AQI) لە هەولێر دەگەیشتە سەرووی ١٥٠، بەڵام ماوەی سێ هەفتەیە بۆ دەورووبەری ٥٠ دابەزیوە، کە گۆڕانێکی گەورەیە لە چاو ڕابردوودا.

بەپێی ڕووپێوییەکی دەستەی ئاماری هەرێمی کوردستان کە لە ساڵی ٢٠٢٤ بڵاو کراوەتەوە، حەفت هەزار و ٣٥٤ موەلیدە هەن، لە پارێزگای هەولێر سێ هەزار و ٧٧٦ موەلیدە، کە سێ هەزار و ٩٠٨ کارمەندیان هەیە. لە پارێزگای سلێمانی و هەڵەبجە یەک هەزار و ٧٥٩ موەلیدە هەن، دوو هەزار و ٤٠ کارمەندیان هەیە، لە پارێزگای دهۆکیش یەک هەزار و ٨١٩ موەلیدە، لەگەڵ یەک هەزار و ٧٩٨ کارمەند.

هەڤاڵ ئەحمەد، بەڕێوەبەری فەرمانگەی گۆڕانی کەشوهەوا لە دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات زیانی موەلیدەکانی کارەبا سێ ڕەهەندییە، زیانی تەندروستی، ژینگەیی و کەشوهەوا، دوای لێکدانەوەی زیانەکان لە ڕێگەی بژمێرەوە بە (گڵکەند)ی گوت «ئەگەر حەفت هەزار موەلیدەی کارەبا هەبن، ئەوا ڕۆژانە زیاتر لە ١٠ هەزار و ٣٩٨ تۆن گازی ژەهراوی دەخەنە هەواوە کە ساڵانە زیاتر لە سێ ملیۆن ٧٩٥ هەزار و ٤٣٩ تۆن دەبێت".

ئەو پێی وایە موەلیدەکان گازە ژەهراوییەکانی دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$)، دووەم ئۆکسیدی نیترۆجین ($NO_2$)، دووەم ئۆکسیدی گۆگرد ($SO_2$)، یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن (CO)، ئۆزۆن ($O_2$)، لەگەڵ تەنۆلکە وردەکان یان (PM) دەردەدەن سەرجەمیان هۆکارن بۆ گۆڕانی کەشوهەوا.

سەبارەت بە زیانەکانی موەلیدەکانیش بە زمانی ژمارە ڕوونی دەکاتەوە «ئەو حەفت هەزار موەلیدەی هەن ئەگەر هەر موەلیدەیەک ڕۆژانە ١٠ کاتژمێر کار بکات هەر کاتژمێرێک ٥٥ لیتر گازی پێویستە، واتە سەرجەمی موەلیدەکان ڕۆژانە بڕی سێ ملیۆن و ٨٥٠ هەزار لیتر سووتەمەنی دەسووتێنن کە لە ساڵێکدا یەک ملیار و ٤٠٥ ملیۆن و ٢٥٠ هەزار لیتر دەکات".



وێنە: محەمەد شوانی

موەلیدەکان یەک ملیار و نیو لیتر سووتەمەنی خەرج دەکەن و چوار ملیۆن تۆن گازی ژەهراویش دەردەکەن

وردەکاریی دەردانی گاز لەلایەن موەلیدەکانەوە، بەم شێوەیە:

١. دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$)، قەبارەی دەردانی ڕۆژانە ١٠ هەزار و ٣١٨ تۆن، قەبارەی دەردانی ساڵانە سێ ملیۆن و ٧٦٦ هەزار و ٧٠ تۆن.

٢. دووەم ئۆکسیدی نیترۆجین ($NO_2$)، قەبارەی دەردانی ڕۆژانە ٣٥,٠٤ تۆن، قەبارەی دەردانی ساڵانە ١٢ هەزار و ٧٨٧ تۆن.

٣. دووەم ئۆکسیدی گۆگرد ($SO_2$)، قەبارەی دەردانی ڕۆژانە ١٨,٤٨ تۆن، قەبارەی دەردانی ساڵانە شەش هەزار و ٧٤٥ تۆن.

٤. یەکەم ئۆکسیدی کاربۆن (CO)، قەبارەی دەردانی ڕۆژانە ٢٤ تۆن، قەبارەی دەردانی ساڵانە هەشت هەزار و ٨٥٣ تۆن.

٥. تەنۆلکە وردەکان، قەبارەی دەردانی ڕۆژانە ٢,٧٠ تۆن، قەبارەی دەردانی ساڵانەش ٩٨٣,٦٨ تۆن.

بەپێی ئەو بەرپرسە موەلیدەکان موەلیدەکان هۆکارن بۆ پیسبوونی هەوا، نزمیی ئاستی کوالێتی ژیان، کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئۆکسیدی نیترۆجین و گۆگرد لە دروستکردنی ترشە باران و کاریگەری خراپیان لەسەر خاک و ئاوی ژێرزەوییش دەبێت.

سەبارەت بە کەشوهەواشەوە ڕوونی دەکاتەوە «موەلیدەکان بڕێکی زۆری دووەم ئۆکسیدی کاربۆن ($CO_2$) دەردەن کە لە گازە گەرمکەرەکانی زەوییە و هۆکارە بۆ قەبەکردنی دیاردەی قەتیسبوونی گەرما و هۆکارە بۆ گەورەبوونی کێشەی گۆڕانی کەشوهەوا و دەرکەوتنی دیاردەی زەقی وەکو لافاوەکان و شەپۆڵەکانی گەرما و وشکەساڵی.

نەهێشتنی موەلیدەکان ئەو مەترسییە تەندروستییانەش کەمدەکاتەوە کە لەسەر دانیشتوانی کوردستان هەیە، لەم بارەیەوە د. هەورۆ تەها پزیشکی پسپۆڕی شێرپەنجە لە نەخۆشخانەی نانەکەلیی فێرکاری، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات پاڵاوگە نایاساییەکان، زۆریی ژمارەی ئۆتۆمۆبێل و بزوێنەری خراپی ئۆتۆمۆبێلەکان و سووتەمەنیی کوالێتی نزم، زۆری و نزیکیی کارگەکان لە دانیشتوان لەگەڵ موەلیدەکان هۆکاری سەرەکین بۆ پیسکردنی سێ ڕەگەزە سەرەکییەکەی ژینگە کە خاک، ئاو و هەوان.

لەگەڵ ئەوەی بە پێویستی دەزانێت موەلیدەکان نەمێنن بۆ ئەوەی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە کۆئەندامی هەناسە و دڵ و شێرپەنجە کە بەهۆی ئەو سێ هۆکارەوە زیاد بوون، کەم ببنەوە، بۆ (گڵکەند) یش دەڵێ "نەمانی موەلیدە بارگرانیی ئەو نەخۆشییە زۆرەمان لە کۆڵ دەکاتەوە، بەتایبەت شێرپەنجە کە ڕێژەی تووشبوون زیادی کردووە".

بەگوتەی ئەو پزیشکە پسپۆڕە، بەپێی ئاماری ڕێکخراوی تەندروستیی جیهانی (WHO)، هۆکارە ژینگەییەکان بەشدارن لە نزیکەی ٢٤٪ی هۆکارەکانی نەخۆشی لە سەرانسەری جیهاندا، ئەم خەمڵاندنە بەرکەوتن بە مەترسییە فیزیایی و کیمیایی و بایۆلۆژییە ژینگەییەکانی وەک پیسبوونی هەوا، ئاو و خاک دەگرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەندازیار ئاری ئەحمەد، بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆی هەرێمی کوردستان ڕێگریی پرۆژەی ڕووناکی لە گلدانەوەی سامانی ئاویش لە ڕێگەی کەمکردنەوەی گووشار بۆ سەر تۆڕەکانی ئاو بۆ (گڵکەند) ڕوون دەکاتەوە و دەڵێ «سیستەمی فێنککردنەوەی موەلیدە ئەهلییەکان یەکێکە لە سەرچاوەکانی بەفیڕۆدانی ئاو، بەنموونە ئەگەر هەر موەلیدەیەک سیستەمی فێنککردنەوەی کە بە (شەلال) دەناسرێت بە شێوازی ئەندازەیی دروست کردبێت، بەلایەنی کەمەوە ڕۆژانە لە نێوان ٣٠٠ بۆ ٥٠٠ لیتر ئاوی بۆ ساردکردنەوە پێویستە".

هەروەها دەڵێ «ئەگەر هەر موەلیدەیەک ڕۆژانە بڕی ٥٠٠ لیتر ئاو بۆ ساردکردنەوە پێویست بێت، ئەوا سەرجەمی موەلیدەکانی کوردستان کە (٧٣٥٤) موەلیدەن پێویستیان بە سێ ملیۆن و ٦٧٧ لیتر ئاو دەبێت، کە دەکاتە ٣٦٧٧ مەتر سێ جا لە ڕۆژێکدا و بڕێکی زۆرە و تەنیا ئەو بڕە ڕۆژانە بەشی پێویستی ٢ هەزار و٤٥١ ماڵ دەکات، ئەگەر هەر ماڵێک ١,٥ مەتر سێ جا ئاو بەکاربهێنێنن، بەو پێیە ساڵانە موەلیدەکانی کوردستان بەلایەنی کەمەوە بڕی ٦٧١ هەزار مەتر سێ جا ئاو بەفیڕۆ دەدەن.» ●




موەلیدەیەکی ناو شاری هەولێر

وێنە: گەیلان حاجی

مەزارگەکەشی نەماوە

# هەیبەت سوڵتان پیاو بووە نەك ژن

**شلێر سەعید**

چیای هەیبەت سوڵتان جگە لەوەی ڕووگەیەکی گەشتیارییە، ڕەنگدانەوەی گەورەی لەسەر شیعری شاعیرانی کۆیەش هەبووە، لە دەیان ساڵی رابردوودا بۆچوونی جیاواز لەبارەی ناوەکەی هەبوو کە گوایە هەیبەت سوڵتان کیژی سوڵتانێک بووە.

شاخی هەیبەت سوڵتان ١٠٩٢ مەتر لەسەر ئاستی ڕووی دەریاوە بەرزە، دەکەوێتە پاڵ مەزارگەی هەیبەت سوڵتان و خەڵکانێکی زۆر بەدرێژاییی ساڵ بۆ پاڕانەوە و ئاواتخواستن سەردانیان دەکرد. مەزارگەی هەیبەت سوڵتان بە دووریی ٣ کیلۆمەتر دەکەوێتە باکوری ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، ٧٣ کیلۆمەتریش لە هەولێر دوورە.

دوکتۆر زانا تەیفور مامۆستای بەشی مێژووی زانکۆی کۆیە، نامەی دوکتۆراکەی لەبارەی مێژووی شاری کۆیەیە، سەبارەت بە مێژوو و ناوی چیای هەیبەت سوڵتان، زانیاریی نەبیستراو دەخاتە ڕوو و دەڵێ ئەو ناوە لە کەسایەتییەکەوە وەرگیراوە بەناوی ئەیوب سوڵتان.

ئێستا مشتومڕەکان لەسەر ناوی هەیبەت سوڵتان گەرمن، دوکتۆر زانا تەیفور بۆ (گڵکەند) گوتی هەیبەت سوڵتان یان چاکی هەیبەت سوڵتان، وەک کولتوورێکی میللی بەشوێنەوارێکی پیرۆز سەیر کراوە و شوێنی جوگرافیی ئەو چاکە دەکەوێتە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتان و خەڵک سەردانی ئەو شوێنانەیان دەکرد بۆ حاسڵبوونی مرازیان و پەڕۆی سەوزیان لێ بردووە وەک متفەڕک.

لە ڕووی مێژووییەوە هەندێک لەو سەرچاوانەی لەسەر کۆیەیان نووسیوە وەک نووسینەکانی تایەر حەوێزی ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو چاکە دوو ناوی هەیە (هەیبە، ئەیبە) واتە ناوی ئافرەتێک بووە، گوایە خوشک و برایەک بوون، هەردووکیان لەوێ مردوون و نێژراون، بەڵام هەر لەم کتێبەشدا هاتووە کە ئەوە گۆڕی پیاوچاکێکی ئێرانی بووە، کە نەخۆش کەوتووە و لە دامێنی ئەو چیایە مردووە و لەوێش نێژراوە. تایەر حەوێزی ئاماژەشی بەوە کردووە کە ئەوە گۆڕی یاوەرێکی پێغەمبەر بووە و پێیان گوتووە ئەیوب ئەکراد. لەم ساڵانەی دواتریش شێخ سەلاح شێخ شەرەف لە سیمینارێکدا رای گەیاند کە ئەوە ژنە و خوشکی سەلاحەدینی ئەیوبییە.

بەڵام دوکتۆر زانا بەپێی لێکۆڵینەوەکانی خۆی دەڵێ زۆر بەدواداچوونی کردووە لە هیچ سەرچاوەیەک نییە بڵێت ئەو مەرقەدەی هەیبەت سوڵتان ژنە، لە سەرچاوە عوسمانییەکانیش کە ماوەی (١٠٠) ساڵ حوکمی شاری کۆیەیان کردووە و لە مێژووییەکەیان ئاماژەیان بە هەموو شوێنەکانی پیاوچاکان کردووە وەک (شێخی شێخ موسرێ، بابی فەقێ ئەحمەد و قەبری دایە خەجێ)، بەڵام لە هیچ سەرچاوەیەک باسی ئەو چاکەیان نەکردووە کە لە دامێنی چیای هەیبەت سوڵتانە، هەندێک لە ڕایەکان لە سەرچاوە عوسمانییەکان دەڵێن ئەو چاکە ڕەگەزی نێرە نەک مێ، بەهۆی ئەوەی ناوی ئەیوب سوڵتانە و زۆربەی گەڕیدەکانی هاتوونەتە ئێرە و گوتوویانە بەدامێنی چیای (ئەیوب سوڵتان) واتە ناوی ئەو مەرقەدەیە و لە ڕووی مێژووییەوە ئەگەر ئەو گۆڕە هەڵکۆڵی و پشکنینی بۆ بکەی تا بزانی ئایا چ ڕەگەزێکە زۆری دەوێت و ناشتوانرێت دەسکاری بکرێت، چونکە لەلایەن خەڵکی سنوورەکە بەشوێنێکی پیرۆز دادەنرێت.

ئەو پسپۆرەی مێژوو لە کۆیە بەو لێکۆڵینەوانەی کردوویەتی گەییوەتە ئەو باوەڕەی کە ئەو مەرقەدە هی پیاوێکە نەک ژن، ئەو دەڵێ ڕای پێچەوانەی ڕای شێخ سەلاح شێخ شەرەفە، پێی وایە ئەو چاکە؛ پیاوە نەک ژن، هەروەها پێی وا نییە سەلاحەدینی ئەیوبی بێرەدا هاتبێ و لە ڕووی مێژووییەوە ئەو زانیارییە دروست نییە.



دوکتۆر زانا زیاتر ڕوونیشی کردەوە کە ڕای دیکە زۆرن لەسەر ئەو مەزارگەیە و دەڵێ "ساڵی ١٨٥٠ی زایینی، لە سەردەمی نەجیب پاشا کە یەکێک بووە لە پاشاکانی دەوڵەتی عوسمانی، کاتێک بەرەو شاری کۆیە هاتووە بۆ شەڕکردن لەگەڵ یەکێک لە پاشاکانی بابانییەکان بەناوی (ئەحمەد پاشا)، یەکێک لە کەسایەتییەکانی شاری کۆیە بەناوی (حاجی بەکراغای حەوێزی) گێڕاویەتیەوە لە خەونیدا دیویەتی ڕووناکییەک (نورێک) لە هەیبەت سوڵتان هەڵساوە و پێی گوتووە هەستە سەردەکەوی، ئەویش گوتوویەتی ئەو لەشکرە سەرکەوتوو دەبێت، لەو کاتەوە بە پیرۆزیان زانیوە".

ڕایەکی دیکە هەس بەناوی دلارام خان کچی سەید بابەعەلی و خێزانی کاکە زیادی حەماغای کۆیە کە شەوێک خەونی دیوە و بەیانییەکەی بە داروەستەکەی گوتووە بچوون ئەو شوێنە کێل و قەفەزی بۆ بکەن، ئەوانیش بە دار بۆیان کردووە، پارچە قوماشێکی سەوزیان پێدادا، وەک شوێنێکی کولتووری و ئاینی دەنگی داوەتەوە و خەڵکی سنوورەکە سەردانیان کردووە.

تا ساڵی ٢٠٠٠ خەڵک هەر دەچوونە سەر مەرقەدەکە، بەڵام دوایی وردە وردە ئەوە نەما، ئەمەش بەهۆی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هۆشیاربوونەوەی خەڵک. ●

# دایکی کۆیە مەریەمی عەنکاوەیە

ژنە پەرستارێکی کریستیان بە ناوی مەریەم، ٦٧ ساڵ هاوتەریب لەگەڵ کاروانی هێڵی ژیان لە شارەکەیدا، فریشتەئاسا مامانی بۆ دەیان هەزار ژنی دووگیان کرد و ناوکی منداڵەکانی بڕی.



وێنە: شلێر سەعید

**گڵکەند**

لە سەرەتای تەمەنی کارکردنیدا، بۆ ماوەی دە ساڵ بە تەنیا وەک مامانێک لەسەر پێیەکانی خۆی وەستا، ئەو سەردەمە کۆیە هیچ پزیشکێکی ژنی لێ نەبووە، ئەو پەرستارە قورسایی باری مامانیکردن و تازەلەدایکبووانی تەواوی شارەکەی بەتەنیا هەڵگرت.

مەریەمی پەرستار کە بە دایکی کۆیە ناسراوە، ئێستا بەهۆی چوونە تەمەنەوە وازی لە کاری مامانی هێناوە، لە دیدارێکی (گڵکەند)دا دەڵێ جاران ژن بە سروشتی منداڵیان دەبوو و هیچ کێشەیەک دروست نەدەبوو، زۆر بە کەمی ڕووی دەدا ژن ناچار بە نەشتەرگەری بێت بۆ منداڵبوون.

باس لەوەش دەکات کە دەیان جار ڕێک کەوتووە مامانی بۆ ژنی دووگیان بە منداڵی دووانە کردووە، هەروەها دوو جاریش ڕێک کەوتووە ژنی دووگیان لە لای ئەو سێ منداڵیان پێکەوە بووە و هیچ کێشەیەکیشیان نەبووە.

مەریەم یوسف قۆقاز کە زۆربەی تەمەنی لە کۆیە بەسەر بردووە، ئێستا لەناو ماڵەکەیدا لەگەڵ هاوسەر، کوڕ و بووک و نەوەکانی لە یەک ماڵدا دەژین، بەدەم قسەکردنەوە کەمێک دەوەستێ و دەڵێ زۆربەی یادگارییەکانی لەبیر چووەتەوە، بەڵام تا ئێستە یەکەم ڕۆژی دەستبەکاربوونی لە بیرە و دەزانێ یەکەم منداڵ کێ بووە کە ناوکی بڕیوە، لەگەڵ ئەوەشدا مەریەم خان بەگاڵتە و پێکەنینەوە دەڵێ زیاتر لە ٥٠ ساڵ خزمەتم هەیە کەچی مووچەی خانەنشینیم (٥٠٠) هەزارە و لەو ڕووەوە زۆر خۆی بە مەغدوور دەزانێ.

ئەو پەرستارە ساڵی ١٩٣٤ لە شارۆچکەی عەنکاوە لە هەولێر لەدایک بووە، تا قۆناغی سەرەتایی تەواو کردووە لە زێدی خۆی ژیاوە، دوای ئەوە بۆ خولی پەرستاری لە ساڵی ١٩٥٢ ڕووی لە کۆیە کردووە، دەڵێ پێنج کەس بوون بەردەوام لەناو خەستەخانەدا خولیان بۆ دەکرایەوە، بەپراکتیکیش لەناو قاوشەکان لە برینەوانی ژنان بۆ ماوەی ساڵێک کاری کردووە، لەوێ پێیان گوتوون یەکەم و دووەمی خولەکان دەنێرنە هەر شوێنێک کە خۆیان داوا بکەن.

مەریەم دووەم بووە، داوای کردووە بچێتە کۆیە، برادەرەکانی گوتوویانە تۆ بۆ خۆت خەڵکی عەنکاوەی، بۆ دەچیە کۆیە؟ ئەویش گوتوویەتی "ئەمن لەگەر بابم سارەک لە کۆیە ژیایمە، ئەو کاتی بابم پۆلیس بوو لەوێ ئەمن چار سار بووم، ئەوها لە ١٩٥٣/١/٥وە هاتینە کۆیە و دەستبەکار بووم، هەتا ئێستا لێرە مایمە و کۆییێم زۆر خۆش دەوێ".

ئیدی مەریەم لە نەخۆشخانەی کۆیە دەست بەکار دەبێ و سەرەتا مووچەکەی ١٤ دینار و نیو بووە، دواتر ماڵی باوکیشی چوونەتە کۆیە، ئەوکات تەنها مەریەم پەرستار بووە لە نەخۆشخانەی کۆیە و کاری مامانی و برینەوانی ژنانی کردووە.

دەشڵێ یەکەم منداڵ لەسەر دەستی ئەو لەدایک بووبێت ناوی سەرۆک حەمیدی کوڕی تایەر چەلەبی بوو کە ١٩٥٣\١\١٨ لەدایک بوو. لەو کاتەوە تا نزیکەی ١٠ ساڵ بەتەنها لە نەخۆشخانە هەموو کارەکانی لەدایکبوونی منداڵانی کردووە، هیچ پزیشکێکی ژنی لێ نەبوو، جگە لەوەی کاری مامانی لە دەرەوەی نەخۆشخانەش دەکرد.

زۆر جار شەوانە لە گوندە دوورەکانەوە خەڵک دەچوونە دوای مەریەم خان بۆ ئەوەی مامانی بۆ ژنە دووگیانەکانیان بکات، ئەوسا نەدەگەیشتنە نەخۆشخانە و ئەو پەرستارە دەبووە فریادڕەسیان. لەبارەی چوونە گوندەکانەوە بەسەرهاتێکی ناخۆشی ژیانی دەگێڕێتەوە کە شەوێکیان چووبووە گوندی شیلە، دوای تەواوبوونی کارەکەی ویستوویەتی بگەڕێتەوە، بەڵام لە نێوان شیلە و کۆیە تەقە کراوە و شەڕێک ڕووی داوە، دوو ئۆتۆمبێلی چەکدار ڕێگەیان لێ گرتووە، دواتر خۆی پێ ناساندوون و یەکێک لە چەکدارەکان خەڵکی سنوورەکە بووە و ناوبانگی بیستبوو، دوای ئەوەی دەیناسێتەوە، هاوکاریشی دەکەن تا دەگاتەوە ناو شاری کۆیە.

مەریەم قۆقاز ئەگەرچی ساڵی ٢٠٠٣ خانەنشین بووە، بەڵام دوای خانەنشینبوونیشی خەڵک وازیان لێ نەهێناوە و تا ٢٠١٢ لە ماڵەوە کاری دەکرد و بۆ مامانی دەچووە ماڵان. ئەو پەرستارە لە کۆتاییدا دەڵێ دوای ئەو هەموو ساڵە مامانی و پەرستارییە، دایکان دڵنیا دەکاتەوە لەوەی هەموو ژنێک دەتوانێ بە سروشتی منداڵی ببێت، هەموو ژنێکیش دەتوانێ شیری خۆی بە منداڵەکەی بدات و هیچ پێویستییەکی بە شیری قوتوو نەبێت. ●

## هاوشێوەی مۆزەخانە ناودارەکانی جیهان

# مۆزەخانەیەکی نیشتمانی دروست دەکرێت

**هەژار مەجید**

بڕیارە لە هەولێر مۆزەخانەیەکی نیشتمانیی هاوچەرخ هاوشێوەی مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهان لەسەر ڕووبەری ١٥ هەزار مەتر چوارگۆشە دروست بکرێت و ببێتە ناوەندێک بۆ نیشاندانی کولتوور و شارستانیەتی کوردستان، دیزاینی پڕۆژەکەش لەلایەن ئیتاڵییەکانەوە کراوە.

بڕیارە لە دوای دەستبەکاربوونی کابینەی نوێی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەست بەجێبەجێکردنی ئەو مۆزەخانەیە بکرێت کە بۆ دیزاینەکەی سوود لە ژمارەیەک لە مۆزەخانەکانی ئیتاڵیا و فەڕەنسا و ئەڵمانیا وەرگیراوە.

مۆزەخانەکە وەکو بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر باسی دەکات دەکەوێتە سەنتەری شارەکە و لە نزیک باڵەخانەی ئەنجوومەنی پارێزگەی هەولێر نزیک لە شەقامی بازنەیی شەست مەتری.

د.نادر بابەکر، بەڕێوەبەری شوێنەوار و کەلەپووری هەولێر لەبارەی پڕۆژەکەوە بە (گڵکەند)ی ڕاگەیاند «دیزاین و نەخشەی مۆزەخانەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئیتاڵییەوە دەکرێت و لە قۆناخی کۆتاییدایە و بڕیارە بەم زووانە تەواو بکرێت و دوای پێکهێنانی کابینەی نوێی حکوومەت لەسەر بودجەی وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار دەست بەجێبەجێکردنی دەکرێت.»

بۆ هەڵبژاردنی دیزاینێکی گونجاو و هاوچەرخ سوود لە باڵەخانەی ژمارەیەک مۆزەخانەی وڵاتی ئەورووپایی وەرگیراوە، یەکێک لە دیارترین جیاوازییەکانی باڵەخانەکەش ئەوەیە لەگەڵ سەردەمدا دەگونجێت و ژمارەیەک ئامێری نوێی تێدا دەبێت پێچەوانەی مۆزەخانەکانی ئێستەی کوردستان کە مەبەست لە دانانیان بۆ شیکردنەوە و نیشاندانی کەلوپەل و ئەو شتانەیە کە تێیدا دەبێت لە ڕێگەی ڤیدیۆ و شاشە و هەروەها بەسیستەمی دەنگیش.

بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر پێکهاتەی مۆزەخانەکە ئاشکرا دەکات و ڕوونی دەکاتەوە، مۆزەخانەکە لە سێ بەشی سەرەکی پێک دێت، بەشی شوێنەوار، بەشی کەلەپوور و کاری دەستی، لەگەڵ بەشی کەلوپەلی شۆڕشەکانی کوردستان و کەسایەتی و سەرکردەی شۆڕشگێڕەکانی کوردستان بەجیاوازیی پێکهاتەکانەوە.




لەو مۆزەخانەیەی بڕیارە دروست بکرێت جگە لە نیشاندانی کەلوپەل و مێژوو و کەلەپوور شوێنی حەوانەوەش لەخۆ دەگرێت وەکو ڕێستۆرانت و کافتیریا، هەروەها ژمارەیەک هۆڵ لەخۆ دەگرێت کە بەشێکیان تایبەت دەبن بەکۆبوونەوە، لەگەڵ کتێبخانەش بۆ کتێبەکانی شوێنەوارناسی و مێژووی کوردستان.

مەبەست لە مۆزەخانەکە وەک بەڕێوەبەری شوێنەواری هەولێر ئاماژەی بۆ دەکات، دەیانەوێت ئەو مۆزەخانە نیشتمانییە بکەن بەناوەندێک بۆ خستنە ڕووی مێژووی کورد و هەروەها سەرچاوەیەک بێت بۆ داهات بۆ حکوومەت.

مۆزەخانەکە وەکو ئەو بەرپرسە ئاشکرای دەکات باڵەخانەیەکی تەواو گونجاو دەبێت و ژێرزەمینی مۆزەخانەکە قاسەی تایبەت بە کەلوپەلە گرانبەها شوێنەوارییەکانی تێدا دەبێت، گەشتیاران لە ڕێگەی پلیتەوە دەتوانن سەردانی بکەن کە سەرچاوەیەک دەبێت بۆ داهات هاوشێوەی مۆزەخانەکانی دیکەی وڵاتان.

یەکێک لە گرینگترین بەشەکانی مۆزەخانەکە بریتی دەبێت لە کارگەیەک کە تێیدایە و کاری دروستکردن و لەبەرگرتنەوەی کۆپیی شوێنەوارەکانە بەمەبەستی ڕەخساندنیان بۆ گەشتیاران تاوەکو وەکو یادگاری لەلایان بمێنێتەوە بەتایبەت گەشتیارانی بیانی کە دەیانەوێت دەستیان بخەن.

مۆزەخانەکە سەرجەم پێداویستییەکانی مۆزەخانە لەخۆ دەگرێت و هەموو خاڵەکانی ئاسایش و کۆنترۆڵکردنی ئاگر و فریاگوزاری لەخۆ دەگرێت، بڕیاریشە لەلایەن وەبەرهێنی ناوەخۆی کوردستانەوە پڕۆژەکە جێبەجێ بکرێت. ●



بتشکێن



گۆران سەباح

## سەرکەوتنی کارەبا لە گرانییەکەیدایە

باشە چ لەو خەڵکەی دەکەی؟ کارەبای بەردەوامی پێ دەدەی هەر وەی، پێی نادەی هەر وەی. لە ماوەی بیست ساڵی بووریدا، خەڵک چ نەما بە حکوومەت نەکات لەسەر کارەبا؟ ئێ باشە ئەوە کارەبای ٢٤ کاتژمێری، ئەو خەڵکە هەر ناڕازییە. ئەی هاوار، ئەوە چ قەومێکە؟ بەلاش نییە نالی و حاجی قادری کۆیی سەریان هەڵگرت.

ڕاستە گرانە، دەبێ حکوومەت حسێبی گیرفانی خەڵکی بکات. بەرانەکینێ، خەڵکیش دەبێ فێر بێت دەستی پێوە بگرێت. کاکم دەیەوێت دایمە گیزەر و چار سپلیت پێ بکات (بێ لە پازدە بیست گلۆپ) و مانگانەش پەنجا هەزار بدات. مادام نازانی کارەبا بەکار بێنی، مادام هەستی بەرپرسیارەتیت نییە، دەبێ مانگانە سێ سەت هەزار بدەی.

ئەوە لۆ ئازانە هەفتەی سێ جار ئەو بۆڕییە ئەستوورەی نێرگەلەی بخەنە زارتان بە پارەکی باش، پۆزی پێ لێ دەن و خۆتان بە موسەقەف پێشان بدەن، بەڵام ناتانەوێ خۆتان فێری سەقافەتی بەکارهێنانی کارەبا بکەن؟ ئەگەر بەکەیفی خۆت کارەبا بەکار بێنی، پڕۆژەکە سەرناگرێت، چونکە بەش ناکات. بەس بزانم لۆ لەوە تێناگەن؟ دیارە شایەنی کارەبای بەردەوام نین.

ئەدی سەری زارتان و بنی زارتان دانانی سیستمی پێشکەوتوو نییە؟ سیستمی پێشکەوتوو گرانە، خۆ بەلاش نییە. نەرویج وڵاتێکی دەوڵەمەندە بە نەفت، کەچی کارەبای زۆر گرانە. بابایەکی نەدیتکە باسی نرخی کارەبا دەکات لە ئەوروپا، پێی هەرزانترە. نەخێر هەرزانتر نییە. ماڵی گچکۆکەی ئەورووپی تاریکستانە کە تەنیا سی یان چل مەترە، یەک گلۆپی سفر پێ دەکات، ئینجا ١٠٠ یۆرۆی بۆ دێتەوە. ئەمن لە ئەمریکا، مانگانە ١٥٠ تا ٢٠٠ دۆلارم داوەتە کارەبا. جیرانەکەمان نیوەی منی بۆ دەهاتەوە، چونکە زۆربەی کات لە ماڵ نەبوون، لە ماڵیش بان خۆ هیچیان پێ نەدەکرد لە گلۆپێکی کز بترازێ.

هەرچەند بیر لەو کۆمەڵگەیەی دەکەمەوە، دەگەمە یەک قەناعەت: کۆمەڵگە فێری بەلاش بووە، نایەوێت پێش بکەوێت، نایەوێت فێری هیچ بێت. چاوی لەوەیە حکوومەت هەموو شتێکی بۆ دابین بکات بە بەلاش. درۆیە، ئەو خەڵکە سیستمی پێشکەوتووی ناوێت، دیکتاتۆری پێشکەوتووی دەوێت. ●

# مزگەفتەکەی کوڕە خەزووری سەد



رێبەند سەعدوڵا

ساڵی ١٩٨٩یە، لە شارەدێی مەلاقەرەی سەر بە قەزای مەخموور (٤٠ کیلۆمەتری ڕۆژئاوای هەولێر)، مزگەفتێکی گچکە لە شێوەی هەلیکۆپتەرێک دروست دەکرێ، دوای دوو ساڵ مزگەفتەکە تاڵان دەکرێ، ئاوەدان و نۆژەن دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی جارێکی تر لە ٢٠٠٣دا تاڵان بکرێتەوە، لەو کاتیشەوە تا ئێستا بە کەلاوەیی بەجێ مایە، بووەتە ئادگارێکی دەشتی هەولێر، کە لە هەمان کاتدا تاڵ و شیرینیشە.

ئەوە جێی تەقینەوە و بەربوونەوەی هەلیکۆپتەرەکەی عەدنان خێرولڵایە، کە ئەودەم وەزیری بەرگریی ڕژێمی بەعس بوو. سەدام حوسێنی سەرۆکی لەسێدارەدراو، کە زاوا و کوڕە خاڵی عەدنان خێروڵا بوو، بڕیاری دروستکردنی دا و ناوی نا مزگەفتی عەدنان، ئەمەش لە کاتێکدا بوو کە چەندین لێکۆڵینەوە ئاشکرایان کردبوو کە عەدنان خێروڵا لەلایەن سەدامەوە تیرۆر کرا و ڕووداوەکە پیلانگێڕی بوو.

دواتر نە لەناوچوونی عەدنان خێروڵا وەک هەواڵێکی درخۆشکەر بۆ خەرکی دەشتی هەولێر و کوردستان بەردەوام بوو، نەش ئەو مزگەفتەی بەناویەوە دروست کرا، بووە جێی خوداپەرستیی موسوڵمانان، وەک شایەدحاڵ و دانیشتوانی ئەو دەڤەرە بۆ (گڵکەند)یان باس کرد.

بەڵکو وەک هەر کارێکی دیکەی بەعسییەکان، مردنی عەدنان و دروستکردنی مزگەفتەکەش ماکێکی ڕەشی ڕژێمە لەناوچووەکەی بەجێ هێشت، هەڵمەتێکی نوێی تەعریبکردنی لێ کەوتەوە.

دەمودەست لە تەک گوندی مەلاقەرەی کوردنشین، شارەدێی عەدنانیە دروست کرا و دەیان خێزانی عەرەبی بەعسی هاوردە کران، لە شێوەی تۆوی نامۆ لەوێ چێندران.

عوسمان ئەحمەد پیاوێکی بەتەمەنی دەڤەرەکەیە، باسی دوای نیوەڕۆی پێنجی ئایاری ١٩٨٩ دەکات، کە یەکێک بوو لە ڕۆژە تووشەکان بەهۆی ئەو تۆزوبا بەهێزەی ناوچەکەی گرتبووەوە و دەڵێ "وەڵاهی چاو چاوی نەدەدیت، ئەمە لەگژ عەیوانان بووین وەکی کۆپتەرەکە بەربۆوە و ڕمبەی لێوە هات، کەتە بەر تەقران. کەس نەدەوێرا توخنی بکەوی، دوایێ گۆتیان عەسکەر زوو گەیشتینێ".

ئەو باس لە دەنگۆیەکانی ئەو وەختە دەکات کە دەیانگوت هەلیکۆپتەرەکە بەپیلانگێڕی و لەلایەن سەدام حوسێنەوە خراوەتە خوارێ. دەشڵێ ئەو ڕۆژە کەشوهەوایەکەش زۆر تووش بوو، لەبەر تۆزوبا باڵندەش نەدەفڕین.

گەڕانەوە بۆ ڕووداوی تەقینەوە و بەربوونەوەی کۆپتەرەکەی خێروڵا و دروستبوونی ئەو مزگەفتە، دواییش هەڵمەتە بەدەکەی تەعریب، خەیاڵی مام عوسمان پڕ دەکات لە هەستێکی نۆستالژی تێکەڵ و ئاڵۆز، کە بەشێکی یادەوەریی خۆشیی بەربوونەوەی کۆپتەرەکەی عەدنانە لە ڕۆژێکی تۆزوبادا، بەشە ناخۆشەکەشی نۆستالژیای ئەو خاکەیە کە لە سایەی تەعریب لە خاوەنە کوردەکانی زەوت کرا.

لەم بارەیەوە بە تاسەوە باس لە دوای ڕووداوەکە دەکات کە کورد چیی دی نەیاندەوێرا وەکو جاران بچنەوە سەر خاک و زێدی خۆیان، چونکە ژمارەیەکی زۆری خێزانی عەرەب هاوردە کران و پڕ کرا لە بەعسی.

"ئەو ڕۆژی ئەمە لەسەر چیای قەرەچوغ بووین، پاش نیرۆانەکەی تۆزوبایەکی زۆر بوو، دوو کۆپتەری سەمتی پەیدا بوون، وەمان زانی قەسف دەکەن، هەندەی پێ نەچوو ڕمبەکی گەورە هات، قلەکیان بەربۆوە و ئەوی دی لە مەنتیقەی دەسوڕاوە، پاش چەند سەعاتەکی کۆپتەرەکی دیش هات". جومعە بایز کە لە ساڵی ١٩٨٢ەوە چووبووە ڕیزی پێشمەرگەی کوردستان و لە تیپی ٨٧ی قەرەچوغ بوو، ئێستەش ماڵی لە بەرانبەر کەلاوەکەیە، ئەوها باسی بەربوونەوەی هەلیکۆپتەرەکەی گێڕاوە و ڕوونی کردەوە کە پێشمەرگە دەستی لە ڕووداوەکەدا نەبووە، بەڵام بە ئیشی سەدام و ڕژێمی بەعس دەچوو.

ئەو ئاگەداری وردەکاریی ڕووداوەکانی دوای بەربوونەوەی هەلیکۆپتەرەکە نییە، بەڵام ئەوە دەزانێ کە مزگەفتێک لە شوێنی بەربوونەوەکە دروست کرا و عەرەبی زۆر هاوردەی ناوچەکە کران.

دوابەدوای دروستکردنی، ئەو مزگەفتە بووە شوێنی بەعسییەکان و زۆربەیان بۆ نوێژی هەینی لەوێ کۆ دەبوونەوە. تا ڕاپەڕینی گەلی کوردستان لە ساڵی ١٩٩١، کە ناوچەکە لە بەعس پاک کرایەوە، مزگەفتەکە تاڵان کرا. جومعە بایز ڕۆژی ڕاپەڕینەکەی لە بیرە، کە چۆن هێرشیان کردە سەر دامودەزگاکانی بەعس لە دەشتی دیبەگە، دووپاتیشی دەکاتەوە "مزگەفت ماری

# دام حوسێن لە مەڵاقەرە

بەڵکو یەکێ لە هێماکانی سیاسەتی بەعسی عەرەبی بوو.

بەڵام مام ئەحمەد جەمیل کە ئاژەڵدارێکی سنووری دیبەگەیە ڕای پێچەوانەی هەیە و پێی وایە ئەو شوێنە لە سەرەتاوە هەر مزگەفت بووە و بەر لە تاڵانکردنیشی دواهەمین نوێژی هەینیی لەوێ لە پشت مەلایەکی عارەب کردووە.

مام ئەحمەد دەڵێ "ئەو مزگەفتە لەو گۆڕەی دوو جار تاران کرا، جارەکیان ساری نۆهەتوییێک میللەت تارانی کرد، جارەکی دیش ساری ٢٠٠٣".

ئەو دەشتەکییەی هەولێرێ ساڵی ٢٠٠٣ چەند جارێک داوای لە مەلا عەرەبەکە کردووە مزگەفتەکە چۆڵ نەکات بۆ ئەوەی وەک ساڵی ١٩٩١ تاڵان نەکرێ، دەشڵێ «گۆتمە مەلایەکەی مەڕۆ با مزگەفتەکەی بپارێزین، بەس هەرات و نەگەڕاوە، مزگەفتەکەش تاران کرا". باسیش لە دوای ڕاکردنی مەلاکە دەکات کە چۆن خەڵک تاڵانیان کردووە "هاوارم دەکرد! کوڕە بابە ئەو کاشییە جوانانەی لۆ لێ دەکەنەوە؟ ئەوە ماری خوایە! بەس کەس گێی نەدەدایێ، هەر بابایە شتەکی لێ دەکڕاند".

ئەحمەد جەمیل بەردەوام لەگەڵ عەرەبی هاوردە لەو مزگەفتە نوێژی کردووە. دان بەوەدا دەنێت کە "عارەب و مارەب و بەعسی دەهاتن، لۆ خوتبەی مزگەفتیان فول دەکرد. هەندە جار عزو شوعبە دەهاتن، لەوانە کاک عادل مەسئول شوعبەی مەخموور و کاک دەهام مەسئول شوعبەی گوێڕێش دەهاتن".

ئەو پیاوە بەتەمەنداچووە سەرباری ئەوەی پێی وایە مزگەفتەکە لەخۆڕا تاڵان کراوە، ئەوە ناشارێتەوە کە ئەو ساڵی هەلیکۆپتەرەکە بەربووەوە، تۆو نەکرابوو، چونکە قەدەغە بوو کورد کشتوکاڵ لە زێدی خۆیان بکەن، بەس مەڕداری لێ مابوو، دەشڵێ پاش ڕووداوەکە، بە لێشاو عارەب هاتن، مزگەفتەکەشیان لە شێوەی کۆپتەرەکەی عەدنان خێروڵا دروست کرد.

٢٢ ساڵە ئەو مزگەفتە شایەدحاڵێکی بێدەنگی ستەمەکانی ڕژێمی بەعسی عەرەبییە لە دەشتی هەولێر، بەجێ هێڵدراوە و لای لێ نەکراوەتەوە. نە دەکرێ بە شوێنەوارێکی بەعس نەش وەک مزگەفت نۆژەنی دەکەنەوە. بەڵام حاجی سەلام کەریم ڕاوێژکاری پێشووی وەزارەتی ئەوقافی حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (گڵکەند) بە کورتی یەکلای کردەوە "ئەو مزگەفتە بەپێوە مابوایە، ئێستە دەبووە قیبلەگای بەعسییەکان".



خوایە، ئەمە پێشمەرگە دەستمان لێ نەدا. بەس پاشەمە خەرکی مەنتیقەی تارانیان کرد". لەو ساتەدا ئەوەی وەبیر دێتەوە کە سەروەختی ڕاپەڕین، سنوورەکە پڕ کرابوو لە عەرەبی هاوردە و نامۆ بەو ناوچەیە.

دوای ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١، گەلی کوردستان ڕووبەڕووی کارەساتێکی مرۆیی بووەوە لەسەر دەستی سوپای بەعس، لە ئەنجامدا نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری ژمارە ٦٨٨ی بۆ پاراستنی هەرێمی کوردستان دەرکرد، تێیدا هێڵی ٣٦ دیاری کرا، لەسەر ئەو بنەمایە سنووری دیبەگەی دەشتی هەولێر کەوتەوە دەست ڕژێمی بەعس، دوای ڕووخانی ڕژێمیش لە ٢٠٠٣، جارێکی تر سنوورەکە گەڕایەوە سەر کوردستان و کەوتەوە دەست پێشمەرگە.

بەر لە ئازادکردنەوەی سنوورەکە، مزگەفتەکەی عەدنان جارێکی تر کرابوو بەمۆڵگەی بەعس و عەرەبی هاوردەکراو. بۆیە لەگەڵ ڕاکردنی بەعس و سەربازەکانیان، مزگەفتەکە بۆ دووەم جار تاڵان کرایەوە. لەم بارەیەوە حاجی سالار نووری بەڕێوەبەری ئەوقافی مەخموور بە (گڵکەند)ی گوت حکوومەتی هەرێمی کوردستان هیچ کات ئەو شوێنەی وەک دامەزراوەی ئاینی و مزگەفت وەرنەگرتووە.

بەگوتەی حاجی سالار، ئەو شوێنە لە ڕووی ئەندازیاری و بیناسازیشەوە لە مزگەفت ناچێت، لە ژوورەوە زیاتر بەهۆڵی شانۆگەری یان کۆبوونەوە و چالاکیی کۆمەڵایەتی و ڕێکخراوەیی دەچێت. دەشڵێ ئەوە مزگەفت نەبوو،



وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا

کوردستان



کوردستان موکریانی

کوردستان موکریانی دایکی کوڕ و کچێك و دایەگەورەی سێ کچ و کوڕێکە. نووسەرو ئەکادیمیستە، زێتر لە ٧٠ کتێب و ٤٠ لێکۆڵینەوە و ٢٢٠ وتاری پێشکێش بە کتێبخانەی کوردی کردووە

## لاپەڕەیەك لەو نووسینانەی بۆ خۆم نووسیون

(نامۆیی)

من، کە فرچکم بەنووسین گرتووە، وا ماوەی چەند مانگێکە هیچ بابەتێکم لەنێو ئەم پەڕاوەدا نەنووسیوە، سەیرە دەبێت هۆ چی بێت، چ ئاستەنگێک هاتبێتەپێش بەو ڕادەیە منی لە نووسین دوورخستبێتەوە؟ بڵێیت گرنگترین بەربەست بەردەوامیدان بە خوێندن، یان نامۆیی بێت! بۆ نا. دەکرێت هەردوویان هۆکار بن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ لێی دەدوێم نامۆییە. بەڵێ نامۆیی. دوورکەوتنەوە لە خێزان، دەستە خوشک، خاک، ئاووهەوا، ڕاهاتن لەسەر جۆرە ژیانێک جیاواز لە هی ئێرە و... ئەمانە هەموو هۆی گرنگن بۆ نامۆبوون، کە من ئێستا تیایاندا دەژیم و هەستیان پێدەکەم، بە هۆیانەوە ڕۆژانە دەیان پرسیار لەلام سەرهەڵدەدەن و زۆرجاریش بەراوردێک لەنێوان هەردوولادا دەکەم جا خۆ من لە هەولێریش هێندێک جار، کە لەنێو دەستەخوشکەکانم دادەنیشتم، هەستم بە نامۆیی دەکرد!

هێندێک لەوان بایەخیان بە ڕووکەشی دەرەوەی ڕووداوەکان دەدا، نەک هۆ و ئەنجام. هەستم دەکرد، چارەنووسی خۆیان ڕادەستی ڕۆژگار کردووە، بۆیە دەتگوت لە پەراوێزی ژیاندا دەژین.


*

ئەوەی لێرەدا یارمەتی داوم، ئەو خێزانەیە تێیدا پەروەردەبووم، دایکو باوکم دوو کەسی خۆڕاگر، ماوەی نیو سەدە زیاترە لە مەهاباد دوورکەوتوونەتەوە، ئێستەش هەر ماڵ بەکۆڵەوەن، بۆیە منیش وەک ئەوان لەسەر گۆڕینی شوێن ڕاهاتووم. لەپاڵ ئەوانەشدا خۆم ژیانی دوورکەوتنەوەم لە زێد، کەسوکار، خاک و خۆڵ هەڵبژارد، بۆیە دەبێت خۆمی لەگەڵ ڕابهێنم و هۆشیارانەش مامەڵە لەگەڵ ژیانی نوێدا بکەم هەڵبەت هێنانەدی خواستی تەواوکردنی خوێندن و شارەزابوونم لە کولتووری گەلان و جۆری بیرکردنەویان، بوون بە هێزی خۆڕاگری و بەردەوامبوونم بە ژیان لە دنیایەکی زۆر جیاوازتر لەو دنیای تێیدا ڕاهاتبووم. لێرەدا بە چاوی خۆم شت دەبینم، بە گوێچکەی خۆم دەبیستم و بە زمانی ئەوان دەدوێم، کە زۆر جیاوازی هەیە لە گێڕانەوە و وەرگێڕان لە ماوەی ئەو نیو ساڵەی لە مۆسکۆدا دەژیم، دەبینم لای چەند کەسێکی دەوروبەری خۆم خەمۆکی بەجۆرێک دایگرتوون دووچاری نەخۆشی دوورکەوتنەوە لە وڵات بوون، ناتوانن بە باشی بیربکەنەوە، ناتوانن بەردەوامی بە خوێندن بدەن و هەر بیر لە وڵات، کەسوکار و... دەکەنەوە. ڕاستە ئەمانە دووچاری زۆربەمان دەبنەوە، بەڵام دەبێت مرۆڤ بەسەریدا زاڵبێت و بۆ ئەو کاتە بژی، کە تێیدا دەژی.

مۆسکۆ ١٩٧٣/٣/٣

* لەدوای ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵ ١٩٩١ی باشووری کوردستان و دەستخستنی نیمچە ئازادییەک و خوێندن بە زمانی دایک و... لای تاکی کورد باوەڕبەخۆیی سەریهەڵدا. هەر لەم ڕوانگەوە ئەمڕۆ یەک لەشکر ئافرەتی هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا، ماجستێر و بەکەلۆریۆسمان لە زۆربەی هەرەزۆری زانستەکاندا هەن، لەپاڵ ئەمانەشدا بە هەزاران ئافرەتی شائیر، نووسەر، وەرگێڕ، هونەرمەند و... هەن، کە بە بەرهەمی بیریان چاندی کوردییان دەوڵەمەند کردووە. ڕاستیان گوتووە، کە دەڵێن ئازادی دایکی ئەفراندن و داهێنانە.

# موتەسەڕیفی هەولێر سوپاسی مامۆستاکانی ڕواندز دەکات



**د.سنوور سەباح**

ژمارەیەک هاوولاتی لە قەزای رواندز بەهۆی پێشوازیکردن لە شا فەیسەڵی دووەم، شای عێراق، لەلایەن موتەسەرفیەتی هەولێرەوە سوپاس دەکرێن.

بەپێی نووسراوێکی موتەسەرفیەتی لیوای هەولێر کە لە ٢٣/١١/١٩٥٧ دەرچووە، ١٨ هاوولاتیی سنووری رواندز کە فەرمانبەری دەڵەتن، سوپاس و پێزانینیان پێشکەش دەکرێت. سوپاس و پێزانینەکە لە بەرامبەر رێکخستنی رێورەسمی پێشوازکردن بووە لە شا فەیسەڵی دووەم، شای ئەوکاتی عێراق، کە بە سەردانێک چووەتە رواندز و دەوروبەری.

شا فەیسەڵ کوڕی شا غازییە، سێیەمین شای عێراق بوو، تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەسەر تەختی شایەتی دانیشت و دواتر لەسەر دەستی سوپای عەبدولکەریم قاسم، کوژرا.

ناوی ئەو فەرمانبەر و کەسانەی سوپاس و پێزانینەکەیان ئاراستە کراوە:

- موحسین قۆجە قەساب، بەڕێوەبەری ناحیەی برادۆست
- نازم محەمەد عەلی، یاریدەدەری پۆلیسی رواندز
- محەمەد زیوەر، پزیشکی رواندز
- ئەنوەر سلێمان، بەڕێوەبەری قوتابخانەی ناوەندیی رواندز
- جەلال سەعید خەیلانی، مامۆستای قوتابخانەی ناوەندیی رواندز
- ئەنوەر تاهیر، مامۆستای قوتابخانەی ناوەندیی رواندز
- حەسەن ئەحمەد، کاتب تەحریر رواندز (نەمزانی کاتب تەحریر بە کوردی مەبەستی چییە)
- حەسیب رەسول، نووسەری قوتابخانەی ناوەندیی رواندز
- حوسێن مەحمود، مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی ناوەندیی رواندز
- ئەنوەر عەلی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی رواندزی کوڕان
- سابیر عەبدوڵلا، مامۆستای قوتابخانەی رواندزی سەرەتایی کوڕان
- محەمەد ئەحمەد، مامۆستای قوتابخانەی دیانەی سەرەتایی کوڕان
- تەقیەدین قادر، مامۆستای وەرزش لە قوتابخانەی بێخاڵ
- نوری سەعید، بەڕێوەبەری قوتابخانەی کاولۆک
- خاتوو پیرۆز ئەمین، بەڕێوەبەری قوتابخانەی رواندزی سەرەتایی کچان.
- خاتوو پاکیزە محەمەد سەعید، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دیاناى سەرەتایی کچان
- ئیبراهیم حوسێن، بەڕێوەبەری قوتابخانەی بێخاڵ
- ئیبراهیم رەسول، بەڕێوەبەری قوتابخانەی دیانا. ●

# محەمەد مەولوود مەم چۆن بە ئەندام وەرگیرا؟

**نازم دڵبەند**

لەناو دیکۆمێنتەکانی مامۆستا محەمەد مەولوود مەم، چاوم بەپەیڕەوی ناوەخۆی (یانەی ئازادی) لە هەولێر کەوت، کە لەلایەن (محەمەد حەسەن دزەیی) و هاوڕێکانی:

١. حوسێن عەزیز ڕەشوانی، مامۆستای خانەی مامۆستایانی سەرەتایی

٢. ئەحمەد عەلی حەیاوی، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی

٣. عەلی جوکل بەریە، بەڕێوەبەری قوتابخانەی سەرەتایی

٤. شەفیق سابیر ساڵح، موفەتیش لە دایرەی مەعاریفی هەولێر

٥. مستەفا تۆفیق سلێمان، تێبینیار لە دایرەی کشتوکاڵی هەولێر

٦. سەبری ولیەم سەبری، ئەندازیاری ڕێگەوبان لە هەولێر

٧. موحسین حاجی ساڵح موختار، تێبینیار لە دایرەی ئیدارەی محەلیی هەولێر

٨. عەبدولقادر ئەحمەد قرگەیی، بەڕێوەبەری گەنجینەی خانەنشینان

٩. نوری ئەمین حەکیم، چاودێری وەرزشی

پێشکێش بە موتەسەڕفیەتی هەولێر کراوە، بۆ کردنەوەی (یانەی ئازادی) لە گەڕەکی ئازادی، موتەسەڕفیەت دەمودەست بە نووسراوێک داوای لە وەزارەتی ناوەخۆی عێراق کردووە، مۆڵەتیان پێ بدرێت ئەمەش دەقی وەڵامەکەی وەزارەتی ناوەخۆیە:





**ئەندامانی دامەزرێنەری یانەی ئازادی لە هەولێر**

**بەڕێز محەمەد حەسەن دزەیی و هاوڕێکانی**

**لە ڕێی موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر**

**ئاماژە بە داواکارییەکەتان، کە بەنووسراوی موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر بە ژمارە ٣٣٥٠ لە ٢١/٢/١٩٦٠ لای ئێمە لە ٢٤/٢/١٩٦٠ تۆمار کراوە و وەڵامدانەوەتان لەسەر داواکاریی ڕاستکردنەوەکانمان بەپێی نووسراوی موتەسەڕفیەتی لیوای هەولێر ١/٦/٥٥٧٣ لە ٣/٤/١٩٦٠ کە لە ٧/٤/١٩٦٠ لای ئێمە تۆمار کراوە.**

**بۆیە لەبەر نەبوونی هیچ بەربەستێک لەلای ئێمەوە لەو ڕاستکردنەوانەدا، ئەو یانەیە ڕێگەی دروستکردنی پێ درا بەپێی ئەو ماوەیەی کە لە برگەی پێنجەمی یاساى کۆمەڵەکان لە ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٦٠دا هاتووە بۆی داناوە، کە دەکاتە ڕێکەوتی ٨/٥/١٩٦٠.**

**تکایە ڕەچاوی یاسای ناوبراو بکەن، پەیڕەوەکەش هاوپێچ لەگەڵ داواکارییەکەتان.**

**وەزیری ناوەخۆ**

هەر لەم دیکۆمێنتەدا دیارە، دوای کردنەوەی ئەم یانەیە پەیتا پەیتا کەسایەتییەکانی هەولێر، داوای ئەوەیان کردووە خۆیان ناونووس بکەن بۆ ئەندام بوون لەم یانەیە، چونکە دەردەکەوێ دەستەی کارگێڕی مەرجی هەبووبێ بۆ ئەندام بوون، ئەمەش هەیبەت و بەهای ئەم شوێنە دەردەخات، بۆ نووسەر و چیرۆکنووس مامۆستا (محەمەد مەولوود مەم)، کە ئەو کات بەڕێوەبەری شارەوانییەکانی هەولێر بووە، داوایەکی پێشکێش بە یانەی ئازادی کردووە بەمەبەستی ئەندام بوون لەم یانەیەدا، وەڵامی ئەنجوومەنی کارگێڕیی یانەکەش ئەرێنی بووە. ●

## شوێن زەردەبەر



عەبدولڕەحمان فەرهادی

# وشەی دوو ڕێنووسی

زۆرجاران لەنێو نووسەرانی شارەزای زمان و ڕێنووس، وتوێژ لەبارەی چۆنێتیی بەکارهێنان یان ڕەنووسکردنی وشەیەکەوە لە ڕووی ڕاستودروستییەوە لەنێو ڕستەدا دەکرێت، بەتایبەت ئەو وشە و زاراوانەی کە لە فەرهەنگی زمانانی دیکەوە هاتوون، یان جیهانین و لەنێو تێکڕا یان زۆرینەی زمانانی دونیادا هەر یەک زاراوەن و بە هەمان شێواز بەکاردێن، بۆ نموونە وشانێکی لەجۆری: (کولتوور، سیستم، دونیا، کۆمپیوتەر، ئینتەرنێت و ڕێژیم... تاد.) بەلای منەوە هەریەک لەم وشانە و گەلێک وشە و زاراوەی دیکە هەن کە بە دوو جۆرە شێواز و ڕێنووس یان زیاتریش دەنووسرێن، هەر بۆ نموونە کە دەڵێین (کولتوور)، ئەم وشەیە لە زۆر زمانان بەکاردێت کە cultura لە بنەمادا لە لاتینییەوە هاتووە، دەتوانین بنووسین (کولتوور) یان (کەڵتوور) یاخود (کەڵچەر) کە بە ڕای من هیچ یەکێک لەم بەکارهێنانانە هەڵە نین، بەڵکوو جیاوازییەکەیان زیاتر لە ڕێنووسەکەیاندایە و لە بنەڕەتدا هەموویان یەک واتا دەدەن، وشەکە لە هەر زمانێکدا بە شێوازێک دەخوێندرێتەوە، بۆیە هەر نووسەرێک کامیانی پێ ڕاست بێت دەتوانێت ئەویان بەکار بهێنێت، ئەگەرچی باشتر وایە یەک بخرێن. من خۆم و زۆر لە نووسەرانیش دەنووسین (کولتوور)، هەروەها بۆ وشەی (دونیا) کە گەلێک جار نووسەرانمان بە (دنیا) دەیڕێنووسێنن و زۆربەشمان هەر بە (دنیا) گۆی دەکەین. نموونەی زۆرمان لەم بارەیەوە هەن، لەوانە وشەی (بەرانبەر) کە دیسانەوە زۆر لە نووسەرانمان بە (بەرامبەر) دەینووسن، هەروەها زۆرجار خەڵکان لە قسەکردندا هەر بە (بەرامبەر) گۆی دەکەن، کە ڕاستەکەی (بەرانبەر)ە، ئەمە لە زمانی عەرەب پێی دەڵێن (اقلاب)، یان وشەی (سیستم) کە خەڵکانێک هەن دەنووسن (سیستەم). بەلای منەوە ئەمانە لەنێو زمان و بەکارهێنانەکانیاندا کێشەی گەورە نین، ئەم بار و کێشانە لە زۆر ڕێنووسی زمانانی دنیادا هەن کە بە شێوەیەکی ئاسایی وەرگیراون. بۆ نموونە ئینگلیز دەنووسن centre , کەچی ئەمەریکایی دەنووسن center ، یان وشەی theatre هەن دەنووسن theater، هەروەها colour , color و dialog, dialogue. هەردووانێکیش لەم وشە ئینگلیزییانە بە ڕاست دادەنرێن، هەمان دیاردە لە زمانی عەرەبییشدا زۆرە، بۆ نموونە: وشەی السماوات و السموات، الرحمن و الرحمان، الحیاه و الحیوه. هەر زمانێک وەرگرین، چەندان وشە یان زاراوەیان هەن کە بە هەڵە بەکاردێن یان بە شێوەیەکی هەڵە لە زمانانی دیکەوە وەرگیراون و ڕێنووسەکەشیان شێوێندراوە، بەڵام وەک هەڵە باوەکانی نێو زمانان ڕۆیشتوون و بەریان پێ نەگیراوە و لە فەرهەنگەکانیشیاندا هەن و بە شێوەیەکی ئاسایی بەکاردەهێنرێن.

جگە لەو بابەتەی باسمان کرد، دوا قسەمان ئەوەیە بڵێین: هەقە هەموو نووسەران و مامۆستایان، لەوانیشەوە قوتابییان فێری ڕاستنووسی و ڕێنووسدروستی و ڕستەسازیی تەواو بن و بایەخی زۆر بە هەموو لایەنەکانی زمانەکەمان بدەن، پاشان حکوومەت کار بکات بۆ ئەوەی فەرمانبەران بە خولی تایبەت فێری ڕێنووسی کوردی بکرێن، بەڵکە بەپێی توانا، لە خڵتوخار و خەوش و هەڵە باوەکانیش ڕزگارمان بێت. ●



# شارەوانی بە فەرمی گوێدرێژێکی کوێری فرۆشتەوە

باس باسی ژمارەیەك بڕیاری ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێرە لە 1954 و 1955 دا، ئەو کاتە موحسین ئاغای کوڕی محەمەد ئاغای ئەسعەدی سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بوو. ڕاستییەکەی ئەو کەسایەتییە 30 ساڵی تەواو سەرۆکی شارەوانیی هەولێر بووە لە 1928ەوە تا 1958 ، واتە لە کاتی حوکمڕانیی مەلەکیی هەرسێ مەلیکدا (فەیسەڵی یەکەم و غازی و فەیسەڵی دووەم).

مافپەروەر حوسامەدین سەرداری

ئەندامەکانی ئەوسای ئەنجوومەنی شارەوانیی هەولێر، محەمەد سادق محەمەد موختار، ئەحمەد محەمەد ئیبراهیم داود چیچۆ، حاجی عەلی حاجی یونس، خەلیل شەکیب ئاغا، زیوەر عومر ئاغا، توفیق حاجی مەولود، ئەلیاس عەلی بەگ، حەنا بۆیا، عەبدولمەجید حاجی یونس، فەخری ئەمین ئەفەندی، جەمیل عەبدولکەریم، عەلی حەسەن بوون.

موحسین ئاغا لە ١٩٠٥ لە هەولێر لەدایک بووە و لە تشرینی یەکەمی ١٩٧٩ کۆچی دوایی کرد. پیاوێکی دەستپاک و هێمن و لەسەرخۆ و قورساییی کۆمەڵایەتیی هەبووە. ڕۆژانی هەینی بەیانیان لە دیوەخانی خۆی پێشوازی میوانانی کردووە.

مەلا ئەفەندی وەکو ڕێبەر و قوتابخانەیەکی گەورە بووە بۆ ئەو، چونکە تاقە خوشکەزای مەلا ئەفەندی بووە و دواتر کچی گەورەی محەمەد عوسمانی خواستووە کە یەکەم موتەسەڕیفی هەولێر بوو.

موحسین ئاغا سێ کوڕی لە پاش خۆی بەجێ هێشتووە نەجدەت، محەمەد و نەجات. محەمەدی کوڕی بەرپرسیاری بەشی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە ئێزگەی BBC لە لەندەن و ڕۆڵی هەبووە لە وەرگرتنی هەواڵی کوردستان بۆ ئێزگەی BBC کە ڕۆژانە لە ڕۆژنامەکانی کوردستان هەواڵەکانی وەردەگێڕا بۆ زمانی ئینگلیزی.

لە ١٩٥٤دا ئەنجوونەکە ٧٨٠ بڕیاری دەرکردووە، هەمووی بەدەستخەت نووسراونەتەوە، ئەندامەکان ئیمزایان کردووە، دیارە هەندێکیان بە پێنووسی قۆپیە و ڕەساس ئیمزایان کردووە، ئەگەر ئەندامێک ئامادەی کۆبوونەوەکان نەبووبێت بە وشەی (غائب) یان لە دەرەوە (فی الخارج) لە بەردەم ناوەکەی نووسراوە، سەرۆکی شارەوانیش بە قەڵەم حوبری سەوز واژووی کردووە. هەردوو ساڵی زایینی (ز) و کۆچی (ک) لە تەک بڕیارەکان نووسراوە.

١. بڕیاری ژمارە (٣٣٤ لە ١٩٥٤/٦/٢٤ز - ١٣٧٣/١٠/٢٢ک). تێیدا کرێکارێکی باخچەوانی شارەوانی داوای قەرزێک (٣ مانگ مووچەی پێشین) دەکات، بۆ ئەنجامدانی نەشتەرگەریی پرۆستات لە شاری مووسڵ بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی هاوپێچی داواکە. دیارە ئەم کرێکارە مووچەی مانگانەی (٤ دینار) بووە، ڕەزامەندیی دراوە کە ١٢ دینار بە قەرز بدرێتە ناوبراو بە مەرجێک لە چواریەکی مووچەکەی وەربگیرێتەوە.

٢. بڕیاری ژمارە (٣٦٠ لە ١٩٥٤/٧/١٥ز - ١٣٧٣/١١/١٦ک) تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامێری چاپی سەرۆکایەتیی شارەوانی تێکچووە و لە کار وەستاوە بەپێی ڕاپۆرتی نووسەری چاپ کە تێیدا دەڵێت پێویستی بەچاکردنەوە هەیە و لە شاری هەولێر چاک ناکرێتەوە بۆیە بڕیارمان دا بە ناردنی بۆ شاری مووسڵ، شوێنی (حاج حەمید ئیخوان) بۆ چاکردنەوەی و بەپێی پسوولەی خاوەن دوکانەکە پارەکەی بۆ سەرف بکرێت.

٣. بڕیاری ژمارە (٣٦٧ لە ١٩٥٤/٧/١٥ز - ١٣٧٣/١١/١٦ک) تێیدا ئاماژە بەنووسراوی ڕۆژنامەکانی ئەوکات ڕۆژنامەی (هەتاو، ×وت الاهالی، الرایە، الحیاە) دەکات بەداواکردنی کرێی بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوەکانی سەرۆکایەتیی شارەوانی لە وانە (٣ دینار و ٥٠٠ فلس) بۆ ڕۆژنامەی هەتاو بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری کردنەوەی شەقامی مووسڵ لە نێوان شەقامی موزەفەریە و مەلیک فەیسەڵی دووەم لە گەڕەکی عەرەب و بڕی (یەک دینار و ٧٥٠ فلس) بۆ ڕۆژنامەی (صوت الاهالی) کە لە بەغدا دەردەچێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری دروستکردنی عەلوەی سەوزەوات و بڕی (٣ دینار) بۆ ڕۆژنامەی (الرایە) کە لە مووسڵ دەردەچێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئاگاداری کڕینی (عادلە) بۆ شارەوانیی هەولێر.

٤. بڕیاری ژمارە (٣٨٠ لە ١٩٥٤/٧/١٧ز - ١٣٧٣/١١/١٨ک) تێیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئاگەدارییەک لەلایەن سەرۆکایەتیی شارەوانی بڵاو کراوەتەوە بۆ پرۆژەی دروستکردنی عەلوەی سەوزەوات و، بەڵێندەرەکانی هەولێر داواکارییەکانیان پێشکێش بەشارەوانیی کردووە، پرۆژەکە دراوەتە بەڵێندەران (جلال عبدالله و رشاد خورشید) چونکە ئەو پارەیەی ئەوان دیارییان کردبوو لە هەموو بەڵێنەدەرەکانی دیکە کەمتر بووە، کە (٣٨٨ دینار و ٥١٤ فلس) بووە. بەڵێندەرەکانی ئەو کاتی شاری هەولێر ئەم بەڕێزانە بوون (فائق نادر و شریف جامباز، جلال خلیل، حاجی یادگار بکر، عبدالقادر حاجی محمد، حیدر حاجی حسن، جلال عبدالله و رشاد خورشید، شهاب شێخ یونس، عەنتەر محمد) .


٥. بڕیاری ژمارە (٣٩٨ لە ١٩٥٤/٧/٢٩ز - ١٣٧٣/١١/٢٨ک) تێیدا بڕیار دراوە بە سەرفکردنی (٣٠٠ فلس) بۆ کڕینی ٤ تەنەکەی بەتاڵ بۆ ئاورێژکردنی دەروازەی قەڵاتی هەولێر بۆ پاراستنی هاووڵاتیانی دانیشتووی قەڵات لە تۆز و خۆڵی بەردەرگای قەڵا، لە ئاکامی هەڵکۆڵینی پرۆژەی ئاوی نوێ لە قەڵا.

٦. بڕیاری ژمارە (٥٤٤ لە ١٩٥٤/٩/٣٠ز - ١٣٧٤/٢/٢ک) تێیدا بڕیار دراوە بە سەرفکردنی (١٥ دینار) بۆ کڕینی چەند کەلوپەلی پیشەسازیی دەستکردی کوردەواری لە هەولێر بۆ هاوبەشیکردن لە پێشانگەی پیشەسازیی بەریتانی لە بەغدا کە لە ڕێگەی کۆمەڵەی مانگی سووری عێراقی داوا لە موتەسەڕیفی هەولێر کراوە بۆ هاوبەشیکردن لەم پێشانگەیە. ئەنجوومەنی شارەوانیش بەڕێز (محمد یحیی)ی جابیی دیاری کردووە کە بەم ١٥ دینارە (جاجم و کڵاوی بەسیم و گۆرەویی خوری و کڵاش)ی پێ بکڕێت و بنێردرێتە بەغدا بۆ هاوبەشی لە پێشانگەکە.

٧. بڕیاری ژمارە (٥٥١ لە ١٩٥٤/٩/٣٠ز - ١٣٧٤/٢/٢ک) تێیدا بڕیار دراوە بە خەرجکردنی (٨ دینار و ٤٠٠ فلس) بۆ کڕینی (کا و جۆ) بۆ ئاژەڵەکانی شارەوانی بۆ ماوەی ١٥ ڕۆژ کە بریتی بووە لە (٥٧٠ کیلۆ جۆ و ١٠٠٠ کیلۆ کا).

٨. بڕیاری ژمارە (٦٣١ لە ١٩٥٤/١١/٤ز - ١٣٧٤/٣/٢٨ک) تێیدا بڕیار دراوە بەفرۆشتنی گوێدرێژێکی شارەوانی، کە هەردوو چاوی کوێر بووە و کڕینی گوێدرێژێکی دیکە لە جیاتی. کوێربوونی گوێدرێژی یەکەم بەپێی نووسراوی تەندروستیی بەیتەرەی لیوای هەولێر سەلمێنراوە. ●

## مێژووی هونەر لە هەولێر



ئوسامە جەمیل

# تورکمان و هونەر

تورکمانەکان پێکهاتەکی ڕەسەنی شاری هەولێرێنە و سەتان سارە لەگەر کوردی لەو شارەی دەژین، ئەوان هەر لە کۆنەوە بەوەی ناسراینە دەستەکی بارایان لە گۆرانی و مەقاماتی هەیە، بە هەردوو شێوەی مەقام و قۆریات گۆرانییان گۆتییە، مەقامی تورکمانی لە هەولێرێ سەری هەردایە، بەران قۆریات لە کەرکووکێوە هاتتە هەولێرێ، مەقامیش دەبیتە دوو جۆر : ئاسلی و چەرەم و دیوان یان ئۆرفە، گۆرانیبێژەکانی هەولێرێ بە هەردوو جۆریان گۆتییە، ئاسلی و چەرەم داستانە و دەیگێڕنەوە، وەکی شیرن و فەرهاد و لەیلا و مەجنونی، چەرەم ناوی کوڕەکی عاشق بووە و کیژەکەش ناوی ئاسلی بووە، ئەو داستانەیان وەکی هەقایەتی بە دەنگەکی خۆش لەسەر قەراتێ گۆتیتەوە، لە دیوەخانی پیاوماقووڵانی وەکی مەلا فەندی، مەلا محەمەدی موفتی (باوکی قازی ڕەشادە فەندی)، ئەحمەدە فەندی یێکەم موتەسەڕیفی هەولێرێ، ئەدیب ئاغای ئەسعەدی و عەلی ئاغای عوزێری، هەروەها لە چایخانەکانیش گۆتیتیانەوە، وەکی چایخانەکانی حاجی وەلی چایەچی، سەید جەمیل چایەچی، چایخانەی وەستا ڕەزا، عەلی فلەیح چایەچی، قاوەخانەی عەبۆ، چایخانەی مەجید (مەچکۆ)، چایخانەی حاجی شوکر و حاجی عەبدوڵڵای خەیاڵ، ئەوانەی چەرەمیان دەگۆ ئەوانە بوون: حاجی جەمیل قاپقاپچی، حاجی عەبدوڵڵای خەیاڵ، مەمۆ کارگەچی، مشکۆ، حەیدەرە کەچەڵ، مام جوبرائیل، سەید ئیسماعیل مەولوود خین، مام حەمید کورەچی و شاکر حەمە فارس، چەرەم لە ئاهەنگی مەولوودەکان لە وەختی ئیسراحەتی دوو کەس یان سێ کەس بەرامبەر یێکدی دەیانگۆ، کە قەوان پەیدا بوو، یەکەم کەس کە بەرهەمی بە زمانی تورکمانی تۆمار کرد لە ساری ١٩٥٩ حاجی فائیق محەمەد سوڵتانی بازرگان بوو، لە ساری ١٩٦١یش محەمەد ئەحمەد ئەربیلی و یونس خەتات و محەمەد عاشق چوونە ئێسگەی بەغداد و چەند گۆرانی و مەقاماتەکیان تۆمار کرد.

جۆرەکی دی لە گۆرانی گوتن لە ناو تورکمانەکان هەیە، پێی دەرێن (ئەکلەنجە)، ئەوە لەناو ماران بوو، وەکی گەعدەی کوردییە و مشکۆ و محەمەد ئەحمەد و جەلال حەردان و حەیدەرە کەچەر و جەبار ئەحمەد و یونس خەتات و محەمەد عاشق بەشداریی ئەکلەنجەیان دەکرد و لەتیف چەقماقچی تۆماری دەکرد، لە بووک گواستنەوەی خەرکەکە دەبوونە دوو بەش: پیرەکان حەزیان لە مەولوود خیندنەوەی بوو، جاحێرەکانیش ئەکلەنجە، لۆ ئەوەی دری هەردوولای ڕازی بکەن، سەرەتا بە مەولوود خیندنەوەی دەستیان پێ دەکرد و دواییێش ئەکلەنجە.

زۆربەی گۆرانیبێژە تورکمانەکان لە ئەکلەنجە و ئاهەنگی بووک گواستنەوە و مەولووددا بەشدارییان کردییە، بەران کەمتر چووینە ئێسگەی لۆ تۆمارکردنی گۆرانی و مەقامات، لە ساری ١٩٧٠ لە ئاهەنگی یازدەی ئازار بەشدارییان کردییە و گۆرانییان گۆتییە، لە دارەتووی ئاهەنگەک ساز دەکرێ و جامیلە (١٩٢٩-١٩٩٦) بەحەیرانەک و مەقامەکی تورکمانی بەشداری دەکات، لە ساری ١٩٧٠ بە دواوە ئەو گۆرانیبێژە تورکمانانە سەریان هەردا: یەشار مشکۆ، سالم فەتاح، نەجات ئاڵتوونچی، ئیبۆ خەیات، جەمال جەمباز، ئەوانە زیاتر بەشداریی ئەکلەنجەیان دەکرد. ●

## تەڵعەت سامان

# قوتابخانەی پێگەیاندنی ئەکتەری دراما و شانۆ بوو



**فەرەیدوون سامان**

تەڵعەت سامان هونەرمەند و نووسەری شانۆیی، ناوێکی دیار و گەشی دونیای نووسینی دراما و هونەری شانۆی کوردی، پێشەنگی قوتابخانەی پێگەیاندن و دروستکردنی دەیان ئەکتەری دراما و شانۆیی بوو لە شاری هەولێر و کوردستان بەگشتی.

بەر لە کارە هونەرییەکانی تەڵعەت سامان، لە هەولێر بزاڤی شانۆیی لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بوو. لێرە و لەوێ لە چالاکیی قوتابخانەکان، یان لە بۆنە فەرمییەکان ساڵێ جارێک یان دووان کارێکی هونەریی سادە لەسەر ئاستی ئۆپەرێتی منداڵان، پێشکێش دەکرا.

ئەو دوای دەرچوونی لە کۆلێژی هونەرە جوانەکانی بەغدا، وەرچەرخانێکی گەورەی لە هونەری شانۆ لە هەولێر کرد. لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە، پتر لە نیو سەدە لەو بوارەدا بێ وچان لە کوردستان و بەتایبەتیش لە شاری هەولێر، خزمەتی بزاڤی شانۆ و درامای کوردی کرد.

لە تافی لاوێتییەوە لە تەمەنی ١٦ ساڵی بۆ یەکەم جار بەچەند دەقێکی درامیی ئێزگەیی بەشداریی چالاکییەکانی ڕادیۆی کوردیی بەغدای کرد. تەڵعەت سامان ساڵی ١٩٦٧ وەک خولیا و عیشقێکی سەرمەدی بۆ هونەری دراما و شانۆ، ڕووی کردە بەشی شانۆی ئەکادیمیای هونەرە جوانەکانی زانکۆی بەغدا، لە ساڵی ١٩٦٩- ١٩٧٠ ئەو بەشەی بە پلەی زۆر باشە تەواو کرد.

بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ و حوکمی زاتی بۆ کوردستان، هەلێکی زێڕین بوو بۆ تەڵعەت سامان و سوودی لەو ئازادییە وەرگرت بۆ کارە هونەرییەکانی و پەرەی پێ دا، لەو ماوەیەدا نزیکەی پەنجا دەقی درامی و شانۆیی نووسی.

هەر لەو ساڵانەی ڕێککەوتنی شۆڕشی ئەیلوول و حکوومەتی عێراق، تیپی هونەرییە شانۆییەکانی تیپی شانۆی لاوانی دیموکراتی کوردستان، کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی – لقی هەولێر و تیپی هونەریی نوێی کوردی و دوای ڕاپەڕینیش تیپی شانۆی سامانی دامەزراند.

زۆرینەی دەقی شانۆ و کارە هونەرییەکانی تەڵعەت سامان گوزارشت بوون لە پرسە نەتەوەیییەکان و کێشە مێژووییەکان و ڕەخنەگرتن لە دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان و کۆنەپەرستانی ناوەخۆ لە دەرەبەگ و ستەمکارانی کۆمەڵگەی کوردی.

ئەو بەپشتبەستن بە کەلەپوور و ئەفسانە و چیرۆکە میللییەکان و داستانە نەتەوەیییەکان، زۆرترین شاکاری هونەریی شانۆیی بەرهەم هێنا، لەوانە شانۆی نەفرەتلێکراو، مەم و زین، فەقێ ئەحمەدی دارەشمانە، قەڵای دمدم، پیلان، شاری ئەوین. قەل و ڕووتە، کەوەکانی قەرەچووخ و خانزادێکی تر... هتد.

کارە هونەرییەکانی تەڵعەت سامان لە سەردەمی دەسەڵاتی حزبی بەعس بەسەر کوردستان و عێراق، بۆ دژایەتیی ئەو دەسەڵاتە داگیرکەرە تەرخان کرابوون و ڕێگەیەکی بەرخودانی گەلەکەمان بوو دژی حزبی بەعس و داگیرکەری عێراقی.

دوای کۆچی دوایی تەڵعەت سامان لە ڕۆژی ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠١٩، خۆم وەک برا بچووکی ئەو هونەرمەندە، کۆکردنەوە و پوختەکردنەوەی زمانەوانی و بەچاپگەیاندنی کارە هونەری و تێکستە شانۆییەکانیم لە ئەستۆ گرت و بە هاوکاریی کاک کاروان عەبدوڵڵای بەڕێوەبەری خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریان لە هەولێر، هەر پێنج کتێبی چاپکراوی، لە دوو توێی (کۆبەرهەمی شانۆیی نووسەر و هونەرمەند تەڵعەت سامان)مان چاپ کرد. ●

## لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب

# دیلە فەڕەنسییەکەی جان دۆست بە کوردی بڵاو دەبێتەوە

**شوان شێخ تاڵیب**

نووسەر و وەرگێڕ دروستکراوی خودان، بەڵام لە قوڕێکی جیاواز لەوەی ئادەمیزادەکانی پێ دروست کردوون. ئەوەتا، دوای ئەو هەموو ساڵ و سەدەیە، (جان دۆست)ی ڕۆماننووسی کورد، خۆی بۆ گێڕانەوەی بەسەرهات و گەشتی ئەو وەرگێڕە فەڕەنسییە تەرخان کرد، کە لە فەڕەنساوە بەرەو باکوری کوردستان بە ئەرک و پەیامێکی گرینگ ملی ڕێی گرتە بەر.

(پییێر ئامێدی ژۆبێر) ئەو وەرگێڕەی (ناپلیۆن) کە لە گۆڕانکارییەکان و شۆڕشی (باستیل)دا بەزیندوویی دەرچوو، بەڵام لە زیندانی تەسک و تاریکی کورداندا هەرچی ئازار بوون، چەشتی.

لە هەمووی ناخۆشتر و دڵتەزێنتر ئەوە بوو، دەبوو لە چاوەڕوانیی گەیشتنی هەواڵێکی دڵخۆشکەر لەلایەن دارودەستەی (مەحموود پاشا)ی دڵڕەقدا، کات بەدەم ئازار و مەراق و خۆخواردنەوەوە بەسەر بەرێت.


خوێنەر کە دەست بەخوێندنەوەی ڕۆمانەکە دەکات، لە سەرەتادا تەنها چیرۆکی گەشتێکی نامە گەیاندن دەخوێنێتەوە، وەلێ لە ناکاو دەکەوێتە بۆسەی کۆمەڵێک چەتە و نەناس و بێ ویستی خۆی، لەگەڵ دیلێکدا کە هەرگیز لەو باوەڕەدا نییە ئازاد ببێت، دەبێتە دیل و وەک ئەو تاڵاوەکانی زیندانی نووتەک و بۆگەن، دەچێژێت.


کە لە خوێندنەوەی بوومەوە، لە سەرچاوە مێژووییەکاندا و لەناو دنیای دیجیتاڵیشدا سۆراخ و گەڕانێکی وردم بەدوای چیرۆکەکەدا کرد، بۆم دەرکەوت کە جگە لە خەیاڵی ڕەنگاڵەیی، هونەری چنینی ڕووداوەکان، تەکنیکی گێڕانەوە و زمانە باڵا ئەدەبییەکەی، نووسەر کارێکی بەڵگەنامەییشی کردووە.

ڕێکەوت وا هات، گەشتێکی پاریسم کرد، ئیتر لە شارێکی وەک پاریس (کە ناخۆشترین ڕۆژی لە خۆشترین ڕۆژی هەر شارێکی دنیا بەچێژترە)، سەخت بوو بەرنامەی ئەوە دابنێم بچم سڵاوێک لە وەرگێڕێک بکەم کە چەند سەدەیەکە جێی هێشتووین!

بەهەرحاڵ، کە گەیشتمە پاریس، یەکەم وێستگەی سەردانم، گۆڕستانی (پێر لاشێز) بوو. ئەو ڕۆژە سەرمایەک بوو، دە هێندەی زستانی ڕۆژهەڵات و شارەکەی من سارد و سەختتر، بەڵام کاتێک بیرم لەو گەرمایەی ناو زیندانەکە دەکردەوە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە چەشتوویەتی، بە خۆمم دەگوت ئەوە بۆ من هەر بەهارە.

لە گۆڕستانەکەدا چوومە سەر گۆڕی (ژۆبێر)، گۆڕێک کە ڕەونەقی ئاورینگ و باران، سپیی کردبووەوە. سڵاوێکم لێی کرد و پەڕتووکەکەی (جان دۆست)م ڕووبەڕوو کردەوە و بە چرپەوە بەگوێچکەیمدا چرپاند: مسیۆ، کورد لە یادی نەکردوویت! ئەوەتا سەیرکە، چەند بە جوانی و ڕەنگێکی دڵنشین، بەرگی کتێبەکەشتی لە ڕەنگی کلاسیکی سەردەمی خۆت، نەخشاندووە.




قەیرێک مانەوە و چەند وێنەیەکی گۆڕەکە و کتێبەکەم بۆ یادگاری چرکاندن و ماڵئاواییم لە وەرگێڕە فەڕەنسییەکەی دیلی دەستی کوردان کرد (ئۆڤواغ مسیو ژوپێغ) و بەرەو ژوور، ملی ڕێی (باستیل)م گرتە بەر.

دوای خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بە عەرەبی و سەردانکردنی گۆڕەکەی (ژۆبێر)، ئێستە بە تاسە و تامەزرۆییەوە چاوەڕێم دووبارە ڕۆمانەکە بە زمانی شیرینی کوردی بخوێنمەوە، کە وەرگێڕ و نووسەری بە توانا (نووری بێخاڵی) لە عەرەبییەوە کوردandوویەتی و بڕیارە ئەم مانگە لە پێشانگەی نێودەوڵەتیی هەولێر بۆ کتێب بکەوێتە بەردەستی خوێنەران. ●

# بیلی..
# دارتاشە ئەمریکییەکەی رواندز



وێنە: محەمەد دەرگەڵەیی

محەمەد دەرگەڵەیی

ئەندرو بیلی، پیشەوەرێکی ٤٦ ساڵەی خەڵکی ویلایەتی جۆرجیای ئەمریکایە، لە هێکرا ژیانی ئاراستەیەکی چاوەڕواننەکراوی گرتە بەر، کاتێک چارەنووس بەرەو شاخ و کێوەکانی کوردستان هەڵی نا. ئەو گەشتەی بەبڕواوە دەستی پێ کرد، بوو بەچیرۆکێکی پێنج ساڵەی وەدۆزین، پڕ لە پەیوەندیی بەهادار و هەستی قووڵ و تژی بۆ شاری ڕەواندز لە دەڤەری سۆران.

"لە بیرمە ڕۆژێک لە کاتی ڕامانەکانمدا، ئیلهامێک دڵمی هەژاند و هزرێک هانی دام بەرەو عێراق ڕێگە بگرم، لەو کاتەدا، شتێکی ئەوتۆم دەربارەی ناوچەکە نەدەزانی، بەڵام دەستم کرد بە گەڕان و لێکۆڵینەوە و کوردستانم دۆزییەوە. دەروو و دەروازەی ئەو ئاراستەیەم لێ ئاوەڵا بوو کە لە چارەم نووسرابوو ڕووی تێ بکەم". ئەندرو بیلی ئەوها باسی سەرەتای گەشتەکەی تەمەنی دەکات.

بیلی لە ئینتەرنێت کەڤاڵی چەند پیرەمێردێکی کوردی کەوتە بەرچاو کە لە نێو پەروازی چیا سەرکەش و سەرنجڕاکێشەکانی ڕواندزێدا، لەسەر کەڵەکە بەردێک دانیشتبوون. دەڵێ "جوانیی سروشتەکە زۆر ئیلهامبەخش بوو، کە بینیم لە ژێر وێنەکەدا نووسراوە 'پیاوانی کورد لە ڕەواندز'، ئەوە یەکەم ئاشنابوونی من بوو بە کوردستان".

لە وەتەی ساڵی ٢٠٢٠ گەیشتووەتە ئەوێ، ڕایەڵی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا چنیوە و، بە پشتبەستن بەو کارامەییانەی لە باوکیەوە بۆی ماوەتەوە، دارتاشخانەیەک بەڕێوە دەبات، کە پارچەی بەڕادان دراو و تایبەتی تێدا دروست دەکات و ڕاهێنان بە شاگردە خۆجێییەکان دەکات. ئەو دەڵێ "باوکم پیشەوەر بوو، پێم وایە لە کار و پیشەکەمدا، دەسترەنگینی و بەهرەکەی باوکم بە میرات بۆ بەجێ ماوە، چ ڕێژەنێکە بتوانم لێرە ئەمە بۆ کەسانی دیکە بگوازمەوە."

بە یارمەتیی ستیڤ و دانیالی شاگردی کە خەڵکی ناوچەکەن و چەندین ساڵە لەگەڵی کار دەکەن، دارتاشخانەکەی بووەتە ناوەندێکی داهێنان و ئاڵوگۆڕی کولتووری.

بیلی دەڵێت "ئێمە زیاتر مۆبیلیا دروست دەکەین و پێکرا پەیوەندییەکی جوانیشمان بنیات ناوە. ئەمانە تەنیا شاگرد و هاوکارم نین، ئێمە هاوڕێی هەتا هەتایین." داودیش، هاوکارێکی دیکەیانە، لە هەولێر دارتاشخانەیەکی دی بەڕێوە دەبات.

گەشتەکەی بیلی بێ هەوراز و نشێو نەبووە. بەڕێوەبردنی کارێک لە وڵاتێکی بیانی گونجان و ئارامیی پێویستە. "جار هەیە ڕۆژە پشوویەکمان نابێت، بەڵام ئەوەندە دەهێنێت. کە لە کۆتاییی ڕۆژدا، کڕیارێک بە زەردەخەنەوە پێمان دەڵێت، "ئەمە باشترە لەوەی بەتەمای بووم".

گەشتەکەی بیلی ڕێزێکی قووڵی بۆ کولتووریی کوردی لەخۆ گرتووە. لە فێربوونی زمانەوە تا تاقیکردنەوەی خواردنە کولتوورییەکانی وەکو کەباب و دۆغەوا و دۆڵمە و نقومبوون لە ڕیتمەکانی ژیانی ڕۆژانەدا. دەڵێ "پێم وایە گرینگە بەزمانی ئەو شوێنە قسە بکەیت کە تێیدا دەژیت، ئەمە ڕێزی تۆ دەردەخات و یارمەتیت دەدات تا پەیوەندیی قووڵتر لەگەڵ خەڵکەکەدا دروست بکەیت".

لە سەرەتادا هاوڕێکانی و مامۆستایانی زمان بۆ فێربوونی کوردی پشتگیریی هەوڵەکانی بوون. بیلی دەڵێ "مامۆستایەکی زمانم هەبوو کە بنەماکانی فێر کردم، پاشان خولێکی خێرام لە هەولێر خوێند. بەڵام گفتوگۆی ڕۆژانە لە کارگە و لەگەڵ ئەو خەڵکەی لە جادە و بانان دەیانبینم، بۆ من باشترین وانەن."

لە کاتێکدا بەگشتی ئەزموونی بیلی لە کوردستان ئەرێنی بووە، ئەو دان بەو ئاستەنگانەدا دەنێت کە گەنجانی کورد ڕووبەڕووی دەبنەوە و دەڵێت "زۆر لە گەنجان بەهۆی نەبوونی دەرفەت بێ هیوا دەبن، دەیانەوێت خێزان پێک بێنن، خانوو بکڕن و خەونەکانیان وەدی بێنن، بەڵام هەست دەکەن گیریان خواردووە."

بیلی هانیان دەدات تا لە دەوروبەری خۆیان دەرفەت بدۆزنەوە، "کوردستان شوێنێکی جوانە بۆ ژیان و پەروەردەکردنی خێزان، هەندێ جار، کە بەجوانی دەور دراویت، بیرت دەچێت بیانبینی. بەڵام ئەگەر کات بۆ سەیرکردن تەرخان بکەی، هەست دەکەی دەرفەت لێرە زۆرن".

بیلی بەرەو ٤٧ ساڵەی تەمەنی دەچێت، بیر لەو پەیوەندییە ناوازەیە دەکاتەوە کە لەگەڵ هەردوو وڵاتی ئەمریکا و کوردستاندا دڵی داگرتووە و دەڵێ "زۆر جار بەخەڵک دەڵێم کە نیوەی دڵم لە ئەمریکایە و نیوەکەی دیکەی لێرە لە کوردستانە، وەک ئەوە وایە نیشتمانی دووەمم دۆزیبێتەوە – شوێنێک کە هەست دەکەم تیایدا خۆشەویست و پەسەندم".

بیلی بە کولتووری کوردی و بەها بەهێزەکانی خێزان سەرسامە و دەڵێت "لە ئەمریکا، تێکشێواندنێکی زۆر لە ڕەگەز و ڕۆڵەکانی خێزان هاتووەتە ئارا، بەڵام من ستایشی ئەوە دەکەم کە لێرە لە کوردستان، هزرێکی ڕوون هەیە کە پێشینە بەخێزان و ڕێزگرتنی هاوبەش دەدات". هەروەک ئاماژە بە گەرموگوڕی و میوانداریی کۆمەڵگە بچووکەکانی وەک ڕواندز دەکات. "لە شارە گەورەکان، لەوانەیە خەڵک بەلاتدا تێپەڕن و وشەیەک نەڵێن، بەڵام لێرە، هەمووان سڵاوت لێ دەکەن و دەڵێن، 'بەیانی باش، چۆنی؟'".

بیلی پێی وایە کارەکەی ڕێگەیەکیشە بۆ خزمەتکردنی کۆمەڵگە. دەڵێ "من بۆ ڕاوەپارە لێرە نیم ، من لێرەم تا یارمەتیی خەڵک بدەم و بەهەر شێوەیەکی بتوانم، لە کۆمەڵگە تازەکەم بەشدار بم. ئەوەیە کە مانا بە ژیانم دەبەخشێت."

چیرۆکی بیلی ئاماژەیە بۆ هێزی گۆڕانکاری و هەنگاونان لەودیو ناوچەی ئارامی و باوەشکردنە بەکولتوورێکی تازەدا. گەشتەکەی لە ڕێگەی بنیاتنانی پردی نێوان جیهانە جیاوازەکان و چۆنیەتیی خزمەت و هاریکارییەوە، گرینگیی لێک تێگەیشتنی کولتووری بەرجەستە دەکات، کە دەشێ ببێت بەڕێنمایی بۆ دۆزینەوەی مەبەست لە خزمەتکردنی کۆمەڵگە و بەهێزکردنی پەیوەندییە مرۆییەکان.

لە کاتێکدا بیلی ڕووەو ئایندە دەڕوانێ، هێشتا ئاواتی دۆزینەوەی هاوبەشێکی ژیان دەخوازێ کە بەهاکانی لەگەڵدا هاوبەش بکات. دەڵێ "من هێشتا سەڵتم، بەڵام بڕوام وایە خودا کەسێکی تایبەتی بۆ من داناوە، ژنانی کورد ڕێزدار و میهرەبان و خێزاندۆستن. ئەوانە ئەو خەسڵەتانەن کە من ستایشیان دەکەم و پێیان سەرسامم."

تەکەزی بیلی لەسەر ئەو پەیوەندییانەیە کە بنیاتی ناون، "ژیان تەنیا لە پارە یان سەرکەوتن کورت نابێتەوە، ژیان پەیوەندیی بەخۆشەویستی و خزمەتبەخشینە بە ژیانی کەسانی دی. ئەوەیە کە من لێرە لە کوردستان وەدەستم هێناوە."

بۆ ئەندرو بیلی، کوردستان لە مەنزڵگەیەک زیاترە – ئاماژەیە بۆ هێزی باوەڕ و هاوڕێیەتی و، جوانیی دۆزینەوەی خێزان لە شوێنی چاوەڕواننەکراودا. ●

# (دۆ کۆلا)ی ڕۆستێ لە بەریتانیا دەنگی دایەوە




**محەمەد لەشکری**

گوندێکی ناوچەی شاخاویی شاری هەولێر لە ساڵی (١٩٥٦) لە (١٣٠) خانوو پێکهاتووە نزیکەی (٧٠٠) کەسی تێدا ژیاوە، بژێویی ئەم گوندە بەشێوەیەکی سەرەکی لەسەر ئاژەڵداری و کشتوکاڵ بووە، ئەم گوندە گوندی ڕۆستێیە. خانووەکانی دۆڵی ڕۆستێ لەو کاتە بەشێوەیەکی سەرەکی بە بەرد دروست کرابوون و بنمیچی خانووەکان تەخت بوونە، بەشی سەرەوەی خانووەکان هەندێک یان خشتی قوڕ و پووشن، بەڵام بناغەکانیان هەمیشە بە بەرد دروست کراون، دەرگە و پەنجەرەی خانووەکان دارن و پەنجەرەکان بچووکن هەندێک جار بەنەخشی دار ڕازاندراوەتەوە و داپۆشراون. تەختەی بنمیچەکان بە داری چەقەڵە دروست کرابوون بۆ ئەم مەبەستە دارەکان بە دوو چین دادەندرێت پاش دانانی چینی یەکەم بەقوڕ دادەپۆشرێت، پاشان چینەکی تر دادەندرێت ئەویش بە قوڕ دای دەپۆشن لە کۆتاییدا بە باگوردان دەپەسترێتەوە، ئەو ئیشە لە سەرەتای مانگی ئەیلوول دوای یەکەم بارانبارینی زستان دەستیان پێ دەکرد. بێگومان خانووی پیاوە دەوڵەمەندەکان و ئاغاکان زۆرجار دیواری ناوەوە و دەرەوەیان بە قسڵ سواخ دەدا.

بەهۆی گونجاویی شوێنەکە لە ڕووی کەشوهەواوە دارێکی زۆر لە گوندەکە هەبووە و ڕەزی زۆری لێ بووە کە کەوتووەتە خوار گوندی، وەک بەروبوومی دانەوێڵەش گەنم و جۆیان هەبووە لەپاش ئەوەی گەنم و جۆیان دووریوەتەوە خەڵکەکە لە هەمان کێڵگە فاسۆڵیا یان لۆبیایان چاندووە، واتە کشتوکاڵی زستان و هاوینەیان کردووە

تووتن سێیەم بەرهەمی گوندەکە بوو کە لە مانگی حوزەیران دەچێندرا لە پارچە زەوییەکی باش لە سەرەتای ئەیلوول بەرهەمەکانیان دەڕنی و دەیانگواستەوە بۆ شوێنێکی تایبەت بۆ وشکبوونەوەی، پاش وشکبوونەوەی ئامادەیان دەکرد بۆ فرۆشتن لە ڕواندزێ لە ڕواندزێش حکوومەت فەرمانبەری خۆی دانابوو بۆ ئەوەی قۆرخکاری نەکرێت لە فرۆشتنیان بۆ ئەم مەبەستەش پلەبەندی دانا بوو لەسەر تووتن، باشترین تووتن بە (١٠) (شیلینە) شیلین پارەکی خوردەی بەریتانی بوو لە عێراقیش بەکار دەهات (تووتنە خراپەکەش لە نێوان (٣-٤) شیلین بووە.

بۆ لێکردنی و هاڕینی دانەوێڵە ئاشی گوندی بەردەوام بەگەڕ خراوە ئەم ئاشە بە ئاو کاری کردییە لەسەر ڕووبار و دانەوێڵەی هاڕییە، زۆربەی باراشەکان بریتیبوونە لە ئارد و ساوار و گەنم.. خواردنە کوردەوارییەکان لە کاتێکدا ئاژەڵداری پیشەکی سەرەکی بووە لە گوندی ڕۆستێ بە نزیکەیی (٢٥٠٠) سەرمەڕ و بزن لەگەڵ (١٠٠٠) سەرچێر و ڕەشەوڵاغی لێ بووە، لە گوندی ڕۆستێ مەڕ و بزنەکان جگە لەوەی جێگەی دابینکردنی شیر و ماست، کەرە، ماستاو، دۆ و گۆشت بووە لە هەمان کاتیش بۆ جلوبەرگ و دروستکردنی فەرش و ڕایەخ سوودیان لە موو و خورییەکان وەرگرتییە لەناو هەموویان دروستکردنی ڕەشماڵ، گوریس و کیسەی دانەوێڵە بووە هەروەها پێستەکانیان بۆ هەڵگرتنی پەنیر و ژاژی سوودیان لێ وەرگرتییە، ژن لە دروستکردنی فەرش و قوماش لە ڕەنگکردن و لە بەرهەمهێنانی بۆ جلی کوردی و فەرش دەستێکی باڵایان هەبووە بە نزیکەی لە زۆربەی ماڵەکانی ڕۆستێ ژنەکان خەریکی دروستکردنی فەرش بوونە، ئەو فەرشانەی لەوێ دروست کراون بەشێوازی ئەستوورییەکەی جیاوازیی هەبووە لەگەڵ فەرشی دەوروبەر.

ئەم بابەتە بەناوی (گوندێکی کوردی لە باکوری ڕۆژهەڵاتی عێراق) لەلایەن ج. پ. ن. گالۆوەی نووسراوە، ئەم برادەرە لە ساڵی ١٩٥٦ دەچنە گوندی ڕۆستێ خۆی و سێ برادەری تر کە کاتی خۆی لە کێڵگە نەوتییەکانی کەرکووک کاریان کردووە، لە کاتی سەردانەکەیان خەڵکی ڕۆستێ دۆیان دەدەنێ ئەوانیش لەبەر بەلەزەتیی دۆیەکە دەیچوێنن بە کۆکا کۆلا ناوی لێ دەنێ دۆ کۆلا کە بەخواردنەوەیەکی کوردانەیان هەژمار کردووە.

- (A Kurdish Village of North-East Iraq) J. P. N. Galloway, The Geographical Journal
- Vol. 124, No. 3 (Sep., 1958), pp. 361-366 (6 pages)
- Published By: The Royal Geographical Society (with the Institute of British Geographers)


الكرخ
مشاهداتي في اربيل

## بەر لە سەدەیەک

# هەولێر لە ڕۆژنامەیەکی بەغدا

**گڵکەند**

ڕۆژنامەیەکی بەغدا نزیکەی سەت ساڵ بەر لە ئەمڕۆ، گەشتنامەیەکی درێژی خاوەن ئیمتیازی خۆی لەسەر لیوای هەولێر (پارێزگەی هەولێری ئێستە)، بڵاو کردووەتەوە.

بابەتەکە بەشێوەی مەیدانی لەلایەن مەلا عەبود ئەلکەرخی، خاوەن ئیمتیازی هەفتەنامەی (کەرخ) ئامادە کراوە و لە ژمارە ٤٠ی ڕۆژی ١٩٢٧/١٠/٢٥ بڵاو کراوەتەوە، کە هەفتەنامەیەکی زانستی، ئەدەبی، ئەخلاقیی وێنەیی بوو و هەفتەی جارێک لە بەغدا، بڵاو دەکرایەوە.

بابەتەکە لەژێر ناونیشانی (ئەوەی لە هەولێر بینیم) بڵاو کراوەتەوە، کە تێیدا ئامادەکاریی ڕاپۆرتەکە چیرۆکی سەردانێکی خۆی بۆ شاری هەولێر و قەزاکانی شەقڵاوە، کۆیە و ڕواندز لە پارێزگای هەولێر گێڕاوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکانی بابەتەکە، ئەو کات شاری هەولێر لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی قەڵات کە هەزار خانووی تێدا بووە و بەشی دەرەوەی قەڵات، کە ٧٠٠ خانووی تێدا بووە جگە لە فەرمانگەکانی حکوومەت. ژمارەی دانیشتوانی ئەو کاتی هەولێریش هەروەک لە ڕاپۆرتەکەدا باس کراوە، ١٢ هەزار کەس بووە.

لەو بابەتەدا، مەلا عەبود کەرخی ئاماژەی بە بارودۆخی ژنان، پەروەردە، کورەچییەکان، نەخۆشخانە، فەرمانگەکانی حکوومەت، گرتووخانە، کەمیی ئاو لەو ساڵەدا، پۆلیس، پزیشکی ڤیتێرنەری و ڕێگەی کۆیە، لە هەولێر، کردووە، جگە لە سەردانی بۆ قەزاکانی کۆیە، شەقڵاوە و ڕواندز.

# پاڵەوانیەتی دامە بە سیستەمی سویسری بەڕێوە دەچێ



وێنە: گەیلان حاجی

**زیرەک تاریق**

لەو هۆڵەی پاڵەوانێتییەکەی تێدا بەڕێوە دەچێت، منداڵ، گەنج و پیر دەبینرێن، هەموو بە بێدەنگی و بە تێڕامان لە تەختی یاریی دامە سەرقاڵی یاریکردنن، بچووکترین یاریزان تەمەنی حەفت ساڵ و بەتەمەنترین یاریزانیش تەمەنی ٧٣ ساڵە.

هەفتەی ڕابردوو بە بەشداریی زیاتر لە ٥٠ یاریزان، سێیەمین پاڵەوانێتیی ساڵانەی یاریی دامە بە سیستەمی سویسری لە هەولێر بەڕێوەچوو.

پێشبڕکێیەکە ماوەی سێ ساڵە شەوانی مانگی ڕەمەزان لە هۆڵی یانەی شەترەنجی خانزاد لەلایەن گرووپی دامەچییە نایابەکانی کوردستان سەرپەرشتی دەکرێ.

یاریی دامە مێژوویەکی دێرینی لە کوردستان هەیە، وەک یارییەکی ستراتیژی و کۆمەڵایەتی گرینگی پێ دراوە. بە تایبەتی لە دیوەخان و شوێنە گشتییەکان وەک چایخانەکان، زۆر جار پیاوانی گوند و شار لە بەردەم بەشێکی زۆر لە مزگەوتەکانیش کۆ دەبوونەوە بۆ یاریکردن.

ڕزگار عەبدولواحید سەرپەرشتیاریی پاڵەوانێتییەکە ئاماژە بەوە دەدات بە هەمان شێوەی یاریی شەترەنج، بە سیستەمی سویسری کراوە یاریی دامە ئەنجام دەدەن. کە بە سیستەمی (ڕاوند ڕۆبین)یش ناسراوە، هیچ یاریزانێک لە یارییەکان دوور ناخرێتەوە، هەموو یاریزانێکیش لە تەواوی خولەکان یاری دەکات، ئەو یاریزانەی لە کۆتایی پاڵەوانیەتییەکە زۆرترین خاڵی هەبێت، براوە دەبێت. هەروەها هیچ یاریزانێک نابێت دوو جار یاری لەگەڵ هەمان ڕکابەر بکات. هیچ یاریزانێکیش ناتوانێت سێ جار لەسەر یەک بە هەمان ڕەنگ یاری بکات.

هەروەها ساڵانە بەپێی ژمارەی بەشداربووانی پاڵەوانێتییەکە، خولەکان دیاری دەکرێن و لە پاڵەوانێتیی ئەمساڵدا ٥٢ یاریزان بەشدارییان کرد، ٩ خولی بۆ دیاری کرا، هەر یاریزانێک ٢٠ خولەک کاتی هەبوو بۆ یاریکردن، لە ماوەی دوو ڕۆژدا سەرجەم یارییەکان ئەنجام دران.

سەرپەرشتیاریی پاڵەوانێتییەکە سەبارەت بە مەرجی ناوچە و تەمەنی بەشداربووان، باسی لەوە کرد، هیچ مەرجێک بۆ تەمەن و ناوچە دانەنراوە. یاریزانەکان لە چەند ناوچەیەکی هەرێمی کوردستان بەشدارییان کردووە، "یاریزانی هەر چوار پارچەی کوردستان دەتوانن بەشداری پاڵەوانێتیی دامە بکەن» سەرپەرشتیارەکە وای گوت.

دامە یەکێکە لەو یاریانەی لە سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی زیاتر بڵاو بووەتەوە لە ناوچەکە. هەندێک لە لێکۆڵەران پێیان وایە ڕەگی یارییەکە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ پێش ئێستا و لە میزۆپۆتامیا سەری هەڵداوە.

شوکر ساڵەیی، ئەدیب و نووسەر و هونەرمەند، ٧٣ ساڵە و بەتەمەنترین یاریزانی پاڵەوانێتیی دامەیە، خەڵکی کەرکووکە و ساڵانە بۆ بەشداریکردن لەم پاڵەوانێتییە دێتە هەولێر، باسی لەوە کرد ماوەی ٦٠ ساڵە دامە دەکات. گوتیشی "دامە یارییەکی کوردییە و ٦١٢ ساڵ پێش زایین لە سەردەمی ئیمپراتۆرییەتی دەوڵەتی ماد کوردەکان یاریی دامەیان کردووە".

لە قسەکانیدا ئاماژەی بەوەش کرد کە بەشێک لە دەوڵەتانی ناوچەکە ئێستا هەوڵی ئەوە دەدەن خۆیان بکەن بە خاوەنی ئەم یارییە کۆنە کوردییە، بۆیە بە گرنگی دەزانێت هەموو هەوڵێک بدرێت بۆ ئەوەی ئەم یارییە وەک یارییەکی کولتووری کوردی بپارێزرێت.

سەبارەت بەوەی یاریزانی لێهاتووی دامە لە کام ناوچەی هەرێمی کوردستان زۆرترە و باشتر یاری دەکەن، یاریزانە بەتەمەنەکە گوتی "هەولێر یاریزانی زۆر لێهاتووی تێدایە و دەستێکی باڵایان هەیە لە یاریی دامە. هەروەها ئاماژەی بەوە کرد کە دڵخۆشە بە یاریزانە گەنجەکان و ساڵانە بەشداری پاڵەوانێتییەکانی دەرەوە دەکەن و لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکەش ئەنجامی زۆر باشیان بەدەست هێناوە.

سۆران بنەسڵاوەیی، دانیشتووی شاری هەولێر، تەمەنی ٤٣ ساڵە و زیاتر لە ٢٥ ساڵە دامە دەکات، ساڵی ڕابردوو براوەی یەکەمی پاڵەوانێتیی دامەی هەولێر بووە، پێشتریش لە یەکەمین پاڵەوانێتییدا پلەی سێیەمی بەدەست هێناوە.

ئەو لە تەمەنێکی بچووکدا، چووەتە بەردەم مزگەوت و چایخانەکان سەیری یاریی دامەی کردووە، سەرەتا کە فێر بووە، گەورەکان یارییان لەگەڵ نەکردووە و پێیان وا بووە ناتوانێت باش یاریی بکات، دواتر وای لێ هاتووە لە زۆربەی یاریزانە بەتەمەنەکانی بردووەتەوە، دەشڵێ "تەمەنم ١٥ ساڵ بوو، بەدوای منیان دەنارد تاوەکو بچم یارییان لەگەڵ بکەم".

یاریزانی دامە بەوە دەناسرێتەوە کاتێک داو (ئۆین)ی بۆ دادەندرێتەوە، پێی دەزانێ، سۆران ئەوها باس لە ناسینەوەی یاریزانی لێهاتووی یاریی دامە دەکا و دەشڵێ "ئەو قسەیە ڕاست نییە کە بە جووڵاندنی یەکەم بەرد یاریزان دەناسرێتەوە".

پاڵەوانێتییەکە ژمارەیەک یاسای بۆ دانراوە؛ لە کاتی یاریکردن یاریزان نابێت دەنگ بەرز بکەنەوە، لە کاتی تەواوبوونی هەر یارییەک، یاریزانی براوە دەست بەرز دەکاتەوە، تا ناوبژیوان ئاگادار بکاتەوە، دواتر هەردوو یاریزان هۆڵەکە بەجێ دەهێڵن. هەروەها لە ئەگەری ئامادەنەبوونی یاریزانی بەرانبەر، یاریزانی ئامادەبوو کاتی یارییەکە دەست پێ دەکا و دوای چەند خولەکێک لە ڕۆیشتنی کاتەکە، یاریزانەکە بە براوە هەژمار دەکرێت.

دوای ئەنجامدانی سەرجەم یارییەکان و کۆکردنەوەی خاڵ لەلایەن یاریزانەکانەوە، لەسەر شاشەیەک کە بە دیواری هۆڵەکەدا هەڵواسراوە، ڕیزبەندی ناوەکان نیشان درا و سێ براوەی ڕیزبەندی پاڵەوانێتیی دامە لە ساڵی ٢٠٢٥ دیاری کران.

محەممەد ئیبراهیم، پلەی یەکەمی ڕیزبەندی بەدەست هێنا، ٣٠٠ هەزار دینار خەڵات کرا. محەممەد قەهار و سۆران بنەسڵاوەیی پلەی دووەم و سێیەمی پاڵەوانێتیی دامەی ئەمساڵیان بەدەست هێنا، پلەی دووەم بە ٢٠٠ هەزار و پلەی سێیەمیش بە ١٥٠ هەزار دینار خەڵات کران. ●

گوڵبژێنە



ئیسماعیل بەرزنجی

## ئاو

ئەوەندە ئازار و دەردەم، بەدەست بێ ئاوی بینیوە، بەچەند کتێبێک کۆتاییان نایەت، لە وەتەی ماڵم هەیە، هەموو هاوینێک لەبەر بێ ئاوی زیرەم لێ هەڵدەستێ، تا ماڵم لە شوقە بوو، هەموو هاوینێک، بە درێژاییی ١٧ ساڵان، بە دەبەی گەورە، ئاوم بەسەر سێ قاتان خستووە، ئەوە بەقسە خۆشە، پاشان چووبوومە هەر گەڕەکێک، سێ مانگی هاوین بوومەتە پاسەوانی موزەخە.

ئەو ڕۆژە، لە چەند کۆڵانێک بینیم، وا قۆرت لێ دەدرێت و بۆڕیی گەورە ڕیز کراون، گوتیان ئەوە بۆ پرۆژە تازەکەیە کە هەولێر لە بێ ئاوی ڕزگار دەکات، دەڵێن سەدی حەفتای پرۆژەکە کراوە، کەواتە بۆ هاوین تەواو دەبێت.

بەمە زۆر دڵشاد بووم، بەڵام نیگەرانیش دای گرتم، چونکە ئێمە لە بەهەدەردانی ئاو، لە دنیادا ڕکابەرمان نییە، لە سبەینێ تا ئێوارێ، ئەو ئاوە نازدارە بەفیڕۆ دەدرێت، داخی گرانم خانمەکان لەمەدا ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، دوو خانم دراوسێن، سەروسۆندەیان بەدەستەوەیە، گوایە حەوشە و بەردەرگە دەشۆن، دەکەونە قسە و ئەو ئاوەش هەر دەڕوات، لە پڕ کارەبای حکومی دەکوژێتەوە، خانمی یەکەم بە هیی دووەم دەڵێت:

- دەک دەستیان بشکێت، خۆ لێ نەگەڕان حەوش و دەرەکە بشۆم.

هاوینێک، تانکییەکانمان، دڵۆپە ئاوێکیان تێدا نەبوو، بە کۆڵانێکدا تێپەڕیم، بینیم وا خانمێک سۆندەی ئاو دەداتە دەست منداڵێک و گەمانی پێ دەکات، گوتم:

- خوشکم، ئەو ئاوە بگرەوە، گوناحە:

بە مووڕی وەرامی دامەوە؟

بەناو ئەو بازاڕەدا بڕۆ، زۆربەی دوکاندارەکان خەتی ئاویان ڕاکێشاوە، بەردەوام ئاویان لەبەر دەڕوات، کەس خۆیان لێ ناکات بە ساحێب، نیوەی ئەم شارە، تانکی ئاویان بێ تەوافەیە، دوکانی شووشتنی ترومبێلان لەناو بازاڕە، سەیری بەردەمیان بکە، بزانە چ ئاوێکی ڕوون و ساف خورەی دێت.

نەمرین، دەگەینە هاوین، کارەبای ٢٤ سەعاتیش دەبینین و ئاویش لە مشە دەبێت، با بزانین دەتوانین شارستانییانە هەڵسوکەوت بکەین، یان ئەویش ماوەیەکە و دەبێتە یادەوەرییەکی تاڵ. ●


خاوەن ئیمتیاز:
دامەزراوەی کوردستان کرۆنیکڵ
سەرنووسەر:
ڕێبەند سەعدوڵا
دیزاین:
ئاراس ئەکرەم
لۆگۆ و خۆشنووسی:
بژار ئەربیلی
دەستەی نووسەران:
نازم دڵبەند
هەژار مەجید
کوردستان / هەولێر، گەڕەکی سەربەستی

www.gilkend.com
info@gilkend.com
Gilkend is a general-interest weekly paper published by Kurdistan Chronicle

# گڵکەند

Issue (13), Wednesday 26/3/2025

گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند گڵکەند




دیمەنێکی خەرەند

وێنە: ڕێبەند سەعدوڵا